# لە زاری دایکمەوە

(پەند و ئیدیۆم و مەتەڵ و شیعر)

ئامادەکردنی:

د. هاوژین صلیوە



# له زاری دایكمەوە

**(پەند و ئیدیۆم و مەتەڵ و شیعر)**

ناوی کتێب: لە زاری دایکمەوە(بەفرین عەزیز)

بابەت: فۆلکلۆر(پەند و ئیدیۆم و مەتەڵ و شیعری فۆلکلۆر)

ئامادەکردنی: د. هاوژین صلیوە

هەڵەبڕی: سامی قادر

سەرپەرشتی هونەری و چاپ: شێخ تاڵب

نەخشەسازی بەرگ: شیاو سەرتیپ

خۆشنووسی بەرگی پێشەوە: مستەفا سەعید

چاپی یەکەم: ٢٠٢٤

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٠١٣)ساڵی(٢٠٢٣)پێدراوە.

## فه‌هره‌ست:

وته‌یه‌ک.................................٥
پێشه‌کی.................................٨
په‌ند و ئیدیۆم...........................١٦
مه‌ته‌ڵ..................................٦٣
شیعری فۆلکلۆر..........................٧٩
فه‌رهه‌نگۆک..............................٨٥
ژیاننامه‌ی به‌فرین عه‌زیز......................١٠٠
ژیاننامه‌ی د. هاوژین صلیوه..................١٠٣

**پێشکەشـــە بـــە وانـــەی بـــە ڕۆح و گیـــان پارێزگاری لە فۆلکلۆر دەکەن.**

## وتەیەک

نایشارمەوە دڵم کرایەوە و شادمان بووم کە لەبارەی دوو ژنە خوێندەوار و وشیار و نووسیار باسم نووسی وەک پێشەکی لێدوان لەسەریان، یەکێ موسڵمان و یەکێ دیان. کە پێموایە ئەم هەوڵ و هیمەتانە بۆ ئەم بەرهەمانە هێمای هەستانەوە و گەشانەوە و بوژانەوەیە لە هزر و ئەدەب و نووسین و شیعر و هونەر لەڕەوتی ڕۆشنبیری شارەکەی کۆ. ئەم پەرتوکەی لەزاری دایکمەوە کە بابەتەکانی لە خانمێکی خوێندەواری دیانی هەرمۆتە دایکی د. هاوژین کەناوی (بەفرین عەزیز پەترۆس)ە وەرگیراوە، کوڕەکەی ئامادەی کردووە، بابەتەکانی لە سەر فۆلکلۆری کوردی بەتایبەتی دەڤەری کۆیەیە. دیارە فۆلکلۆر سەرخانی کۆمەڵگایە، بابەتەکان بە هەزاران ساڵ لەم وڵاتە دروست بوون و خەملیون. لە ڕەوتی کاردا گەشەیان کردووە، شمشاڵی شوان و بگرە و بەردەی کابان و بالۆرەی کچان لەسەر باسک و گردان، لە هەڵقەندنی کەنگر و ڕێواسان. توێ توێ گوتن لەکاتی مانگا دۆشین هەزاران بابەتی تر بووین بە هەوێنی ئیدیۆم و پەند و گۆرانی.

هەلهەلەی جوانانە، سەمای بێریانە، دیمەنی قەشەنگی مەڕ و شـــوانە، هۆهـــۆی مەشـــکەژەنینە، هەنیســـک و ئـــاخ هەڵکێشانی حەزینە، ناڵەی غەمگینی جـەرگ هەڵقرچاوانـە، سـەربردەی کەڵەپیاوانـە، نـەڕەی مـەرد و جوامێرانـە، لـە عەرشـی مەیدانـە وەک حـەمایل ڕەسـەنی کوردانـە، ونـی مەکـەن لـەبیری مەکـەن، وەک ملوانکـە لـەملی بکـەن لـە دەفتەر و کتێبان تۆماریان بکـەن، ئـەگینا خـەرمانی هـزری گەلەکەتان لە تاریکی مێژوودا بزر دەکەن.

بۆیە ئەم بەرهەمە بە نرخەی (د. هاوژین و دایکی ژیـری) ئەیکەمـە پـەیام و هانـدان بۆ فریاکـەوتنی ئـەم گەنجینەیـە نەتەوەیـەمان، فریاکـەون، گونـد بـە گونـد، ڕەشـماڵ بـە ڕەشـماڵ کـەرپر و کـۆریتی لادێ و هـەوارەکانی کوردسـتان بگـەڕێن، بپشـکنن، ڕەوسـەی ئـەم کـارە جوانانـەی پـڕ مەبەسـت و مانایـان وەسـەریەک بنـێن لـە فـەوتان و لەناوچوون بیانپارێزن، دوایـی پەنجـەی پەشـیمانی گەسـتن دادتان نادا.

هەولێش دراون، بەڵام زۆریش ماون، هەر لـە کۆیـە: خالیـد دلێر و تۆفیق وردی و فازیـل شـەوڕۆ و محەمـەد داریـاس و

خالیـد جوتیـار و ئه‌سـعه‌د عـه‌دۆی هه‌ولێری...خـه‌رمان به‌ره‌کـه‌تیان ده‌وێ، به‌شـێکیان تۆمـارکردون و هێشـتاش زۆری ماون. ده‌مـه‌وێ لـه‌م په‌یامـه‌ی خـاتوو بـه‌فرین خانـدا بڵێم: له‌ناوچه‌ی موکریان هیمه‌تیـان بـۆ کـردووه، چه‌نـدین کتێـب و جلـدیان لـه‌م باره‌یـه‌وه کردۆتـه خـه‌رمان. ده‌ک ده‌ستت خۆش خاتوونی کرستیانی هه‌رمۆتـه بـۆ ئـه‌م کاره ناوازه‌یه، له‌شساغ و به‌رده‌وام بیـت بـۆ خزمـه‌تکردنی گه‌لـه داماوه‌کـه‌مان و وڵاتـه خێرنه‌دیوه‌کـه‌مان، هـه‌ر لـه‌م باسـه‌دا هاوار بۆ نووسه‌ر و شاعیر و قه‌ڵـه‌م به‌ده‌سـتان ده‌کـه‌م کـه له‌سـه‌ر هـزر و ئـاوازی ئـه‌م به‌یتوبالۆرانـه شـیعر بهۆننـه‌وه به‌بیری نوێ موترووبه‌ی بکه‌ن، حیکایه‌ت و به‌یتی فۆلکلـۆری بکه‌نـــه بنـــه‌ماو لـــه‌وێوه گه‌نجینـــه‌ی بیـــری کـــوردی ده‌وڵه‌مه‌ندبکـه‌ن تائێمـه‌ش ڕومانبێـت بـه میللـه‌تانی دونیـا بڵێین: ئێمه‌ش خاوه‌نی بیر و زانست و ڕابردووی خۆمـانین. خوا چه‌پاره‌ی هه‌موو لایه‌کمان بدات.

سه‌لاح شێخ شه‌ره‌ف

ل. سه‌نته‌ری لێکۆڵینه‌وه و په‌خشی کۆیه

# پێشەکی

فۆلکلۆری کوردی هێند دەوڵەمەندە، هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە، بوونی زار و شێوەزار و بێچووە زاری زۆر، وایکردووە، فۆلکلۆرەکەش دەوڵەمەند و هەمەجۆر و فرە ڕەهەند بێ، تەنانەت هەمان دەق لە دیالێکتێکەوە بۆ دیالێکتێکی تر و تەنانەت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕانکاری بەسەر هاتووە. ئەو کەسانەی پێش سەردەمی تەکنەلۆژیا ژیابوون و زیاتر لە کەلەپوور و فۆلکلۆر قوڵببونەوە و فۆلکلۆر بەشێک بووە لە ژیانیان. لە جیاتی تەلەفزیۆن و موبایل، ئەوان ڕووی خۆیان لە کەسێکی شارەزا دەکرد تاوەکو حیکایەتیان بۆ بگێڕێتەوە، یان شیعریان بۆ بڵێ و گۆرانییان بۆ بچڕێ، بە سوالفە و بەسەرهات کەیفیان سازبکات، بە مەتەڵ بیرکاری ئاسا مێشکیان بجوڵێنێ و وا بکات بیربکەنەوە و تێبهزرن. خۆ قسەی کەسانی پێشان ئەوەندە بەتوێکڵ بوو، هەمووی چنرابوون بە پەندی پێشینان و ئیدیۆم و بەسەرهات و قسەی نەستەق. زمانەکەشیان زمانێکی بێ گرێ و گۆڵ و جوان، زمانێکی پەتی و سفت و سۆڵ. فۆلکلۆر هەموو

بوارەکانی ژیانی گرتبووەوە، هەر لە کاتی لە لانک نانی منداڵ دایک لایەلایەی بۆ وتووە، تاوەکو کاتی لە گۆڕنانی شینیان بۆ گێڕاوە، ئەمانە هەمووی هونەری گوتن بووین.

لە بواری ئیشی ڕۆژانە هەر لە مەشکەژەنین و دروێنە و ساوار کوتان و دەستاڕلێکردن و مازوچنین و جوتکردن و مەڕدۆشین و مانگادۆشین... هەمووی گۆرانی تایبەتی خۆی هەبووە. بۆیە ئەو فۆلکلۆرە دەوڵەمەندە شایەنی بەوردی نووسینەوەیە، چونکە زۆربەی دایکانی ئێستا لایە لایە نازانن، مەشکە ژەنین نەما، دەستاڕ و کور و کانی نەما، خانووی قوڕ نەما، سەربان سواقدان و دروێنەی دەستی و سەپانی و تێلەکێشی نەما.

منداڵی ئێستا دەستێکی موبایلە، دەستەکەی تری مەمەی شیرە! لە ئامێزی گەرم و مەمک لە زارنانی و لە دەنگی پڕ نەبرە و سۆزی دایک بێبەش بووە. زەمەنەکە زۆر گۆڕاوە، دەبێ زۆرتر پەلەبکرێ لە نووسینەوەی داب و نەریت و فۆلکلۆر، ئەو فۆلکلۆرەی ڕەگاژۆی لە ناخی باب و باپیرانمان داکوتابوو، ئەگەر زوو نەینووسینەوە، لە داهاتوو نووسینەوەی سەختتر دەبێ و تووشی هەڵەنگوتن و

سۆسـەی زیـاتر دەبـین و وا لـووس و باریـک ناكەوێتـە مسـتمانەوە، ئـاخر لـە داهـاتوو كەسـانی خاسـەوێژ و خـوردەڵێن لـە بابـەتی فۆلكلـۆری كـەم دەبنـەوە، ئێسـتا فۆلكلـۆر هەیبەرێكـە و مەیـدانێكی گرنگـی كـاركردن و لێدانـەوەی ژیـان و چونـە نێوخەیاڵـدانی دایـک و داپیرانـە.
هەرچەنـدە بەشـێكی بـەرچاوی فۆلكلـۆری كـوردی كۆكراوەتەوە، توێژینەوەیان لـەبارەوە كـراوە، بـەڵام هێشـتا زۆری ماوە.

خۆ میللەتانی دەر و دراوسێش بە دزینی فۆلكلۆری كـوردی خەنی بوون و خۆیان لێبەساحێب كرد. بۆیـە تۆماركردن و بە ئەرشیف كردنی ئەركێكی گرنگی نەتەوەییە.

مـن لـە (سـلێوە عیسـا)ی باوكمـەوە فێـرە ئـارام گـرتن و ڕێزگرتنی خەڵک و ئیشكردن و كۆڵنەدان و تێكۆشان بووم. لە (بەفرین عەزین)ی دایكمەوە زۆر شـت فێربـووم، لەوانـە: زمانپـاراوی، فۆلكلـۆر دۆسـتی. دایكـم تـا دووی ناوەنـدی خوێنـدووە، بۆیـە دەسـت و قەڵـەمی هەیـە و حـەز بەخوێندنـەوە دەكـات، بەتایبـەتی گۆڤـاری كـەكۆن، وردە وردە لاپەڕ بەلاپەڕ دەیخوێنێتەوە، ڕۆژانـەش بـە بـەردەوامی

سـەیری تەلـەفزیۆن دەکات، بەتایبـەتی کـەناڵی: ڕەسـەن، نیشـتمانی مـن، کەلـەپوور، کـەلتوور... واتـا زیـاتر سـەیری کەناڵــە فۆلکلۆرییــەکان دەکــات. ســاڵی ٢٠١٢ کۆمــەڵێ حیکایەتم لە زاری (بەفرین عەزیز) تۆمارکرد، کە زۆربـەیانی بە زمانی سریانی بۆ وتـم، منـیش وەرمگێڕایـە سـەر زمـانی کوردی و لەلایەن ئەنستیتیوتی کەلەپووری کورد چاپ بوو. هەسـتم کـرد دایکـم پەنـدی پێشـینان و ئیـدیۆمێکی زۆر دەزانـێ، بۆیـە هەوڵـمـدا و هـەرجارەی هەنـدێکم بـۆ تۆمـار دەکرد و ناوبەناو لە بەرنامەی (ڕەسەنایەتی هەرمۆتە)، کـە بەرنامەیەک بوو، تـا پـەنجا هەلقـە ڕۆیـی، دوایـی کـردم بـە (چێژی فۆلکلۆر)، ئەویش چوار حەلقـەی لـێ بڵاوبـووەوە و تا ئێستا ساڵی ٢٠٢٤بەردەوامە. دواتـر دایکـم خـۆی ڕۆژانـە بیری دەکردەوە ئەوەی بەبیری دەهات دەینووسییەوە کـاتێ دەبوونـە دە دوازدە شـت بـۆم تۆمـار دەکـرد و لـە فـەیس بووکەکـەی خـۆم بـۆم بـڵاودەکـردووە و لـە لایـەن ئـەدەب دۆست و فۆلکلۆریستانەوە پێشوازییەکی گـەرمیان لێـدەکرا، چونکە کە دایکم پەندێک یان ئیـدیۆمێکی دەوت لـە هـەمان کاتیش شیدەکردەوە و مەدلوول و ماناکەی ڕوون دەکردەوە

و نموونەی بۆ دەهێنایەوە و بە ژیانی ڕابردوو و ئێستای گرێدەدایەوە، بەشێکی زۆری ئەو کۆمێنتانەی کە دەنووسرا وێڕای دەست خۆشی، تێبینی و ڕوونکردنەوەی جوانیان تێدابوو، هەندێ جاریش پەند و ئیدیۆمی هاوشێوەی ئەویان دەنووسی، یان بە گوێرەی شوێنەکان زیاد و کەمیان دەخستە سەری، چونکە نزیکەی پێنج هەزار هاوڕێی فەیس بوکم هەیە، دەتوانم بڵێم هی هەر چوارپارچەی کوردستانن و توانیان بە نموونەهێنانەوە و سەرنج نووسین بابەتەکە دەوڵەمەند بکەن.

فۆلکلۆریست و هاوڕێیان زۆریان دنەدام ئەم بابەتانە کۆبکەمەوە و بیانکەمە کتێب، کۆمێنتی زۆر جوانیان دەنووسی، بۆنموونە نووسەر و ڕووناکبیر ڕەزا شوان هەمیشە بۆ دایکمی دەنووسی: ((دایکی پەندی کوردی)).

منیش بیرم کردەوە، ئەو بابەتانە کۆبکەمەوە و بیانووسمەوە، دایکم چۆن دواوە وام نووسیوەتەوە، بۆ ئەوەی بابەتەکان تام و بۆی فۆلکلۆری خۆیان هەبێ، لە لێکدانەوەکانیشدا، بێچووە زاری کۆیەی بەکارهێناوە، بۆیە وەک خۆی نووسیومەتەوە. لەوشوێنانەی کۆمێنتەکانم بەدڵ

بووبێ و لە خزمەتی فۆلکلۆر بووبێ، ئەوانیشم تۆمار کردووە و ناوی کەسەکەشم نووسیوە، چونکە هەستم کرد بەم شێوەیە پرۆژەکە دەوڵەمەند تر دەبێ. هەندێک پەند و ئیدیۆم هەن، کە دایکم وتوونی تۆمارم نەکردوون، چونکە زۆر باو و بڵاو بوون، بۆ نموونە: (شیوی زۆر کابان، یان سوێرە یان بێ خوێیە.) (برا برایە و کیسەی جودایە)...هتد، زیاتر ئەوانەم نووسیوەتەوە، کە هەستم کردووە کەمتر نووسراون. لە هەمانکاتیش لێکدانەوەکانی دایکم مانایەکی جوان و بەپێزی پێدەبەخشین.

ئەوەی کردوومە دڵۆپێکە لە دەریایەک، بەس ئەمەش بە کەم نەزانین، چونکە هەر کەسێک لە شوێنی خۆیەوە هەوڵ بدات دەتوانین فۆلکلۆرەکەمان زۆر باشتر و جوانتر بنووسینەوە. ماوەتەوە بڵێم ئەم پرۆسەیە نزیکەی سێ ساڵی خایاندووە، لە ساڵی ٢٠٢١ـ٢٠٢٣ چونکە پەلەی لێنەکراوە، بەسرووشتی خۆی ئەم نامیلکەیە بەرهەم هاتووە، وەنەبێ دایکم هەر ئەوەندە پەند و ئیدیۆمە بزانێ، چونکە پەند و ئیدیۆم وەک شیعر نییە یەک لە دوای یەک بیڵێی، پەند و ئیدیۆم لەکاتی قسەکردن و نموونە هێنانەوە

بـــەبیرت دێتـــەوە و دەیڵێـــی، بەهـــەر حـــاڵ جـاریٚ هـــەر ئەوەندەمان پێتۆمار کرا.

ناميلكەكە جگە لە وتەیەک و پێشەکی و ژیانامـەی دیکـم و خۆم، لە سێ تەوەرە پێکهاتووە: پەند و ئیدیۆم، مەتەڵ، شیعری فۆلکلۆر. لێرەشەوە هەوڵمنەداوە پێناسـە و چـەمک و مانای پەند و ئیدیۆم و مەتـەڵ بخەمـەڕوو باسـی شـیعری فۆلکلۆ بکەم. ویستوومە ڕاستەو خۆ بابەتەکان بخەمەڕوو و چـۆنم تۆمـار کردبـێ وام نووســیوەتەوە، واتـا پەنــد و ئیدیۆمــەکان تێکــەڵ کــراون. شــیعرەکانیش بــە جــودا نووسراونەتەوە. هەنـدێ جاریش دایکـم بـە زمـانی سـریانی پەند و ئیـدیۆم و شـیعری فۆلکلـۆری بـۆ وتـووم، ئەوانیشـم تۆمار کردوون، بەپێی پێویست وەرم گێڕاونەتە سەر زمـانی کـوردی، چونکـە بـەفرین عـەزیز بـەهۆی قوڵبوونـەوەی لـە فۆلکلۆر شـارەزاییەکی باشـی لـە زمـانی کـوردی و سـریانی هەیە، هەندێ پەندی بە سریانی بۆ گوتـووم کـە لـە زمـانی کوردی نییە، بەپێچەوانەشەوە، زۆر جاریش شـتی هاوبـەش و پێکچوو هەیە. زۆربەی لێکدانەوەکان هـی دایکمن، تـەنها

لەوشوێنانەی کە لەنێو دوو کەوانەم کردوون دوای کەوانەکە نووسیومە: (هاوژین)، واتا لێکدانەوەی منن.

سەبارەت بە شیعریش، دایکم هەندێ شیعری بە زمانی سریانی بۆ وتووم لەوشوێنانەی کە خۆم وەرمگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی ناوی خۆمم نووسیوە، جگە لە پەند و ئیدیۆم و مەتەڵ و شیعری فۆلکلۆر و قسەی نەستەق چەند شتێکی تری فۆلکلۆری تێکەوتووە. ئەگەر ئەوانەی تەنها دایکم وتوونی بە ژمارە بیانخەمە ڕوو، نەک ئەوەی کەسانی تر لە فەیس بووک خستوویانەتە ڕوو و تۆمارم کردوون، بەمشێوەیەن: پەند و ئیدیۆم: ٩٢ دانە. مەتەڵ: ٨ دانە. شیعری فۆلکلۆر: ٢٧ دانە.

بە پێویستم زانی بۆ ڕوونکردنەوەی کۆمەڵێ وشە فەرهەنگۆکێک بۆ ئەم کتێبە بکەم، جگە لە ڕوونکردنەوەی خۆم پشتم بە کۆمەڵێ فەرهەنگ بەستووە.

هیوادارم توانیبێتمان کەلێنێکی بچوکمان لە فۆلکلۆر پڕکردبێتەوە. لەگەڵ ڕێزێکی زۆر بۆ ئێوەی خوێنەر.

د. هاوژین صلیوە ـ هەرمۆتە

٢٦ /٢٠٢٣/١١

# (پەند و ئیدیۆم)

**((کچم دا بەشوو، خەمی هاتە دوو.))**

لۆئەوە دەگوترێ، کچ کە مێردێ دەکا، ماری بابی دەرێن مورتاح بووین کچمان بەمێرد دایە، دەبینی کێشەی لۆ پەیدادەبی و لەگەر مێردەکەیی و لەگەر مارێ خەزوری و جاری وەها هەیە تەراقیش دەدرێ، ئینجا داکو بابی خەمی لێدەخۆن.

***

**((مێرد لە ژنێ بە حنجەت بی دەرێ: ئاردی دەبێژی و قونان دەبزێوی.))**

مێرد حنجەتی پێدەگری، لێی لە بیانوو دەبی، لۆیە وای پێدەرێ، دەنا ئارد بێژان و قون نەبزاوتنیان نە گۆتییە. وەک دەرێن: ماسی گرتن و قون تەڕبوونیان نەگۆتییە. فەرهاد ئەکبەڕی لە کۆمێنت دەڵێ: لە کەلهوڕیدا ئێژن: (ئارد تەقەنێ و قنگ لەقەنێ.)

***

**((سۆلەکی پەلەکە، دەپێیەکی مەلەکە، لەبۆ بۆکێ مە گەلەکە.))**

پێشدان زۆر بەسادەیی بووکیان دەهێنایە ماڕێ، وەک ئێستا نەبوو، ئێستا کوڕ ناتوانی ژنێ بینی. زێڕ و زەبەند و شتی زۆر دەوێ.واتا سۆلەکەی هەر پەلۆکەکە، دەرپێکەشی وەک مەل وایە، لە بۆ بوکێ مە گەلەکە و زۆرە، واتا بەشتی کەم قەناعەت دەهێنین و بەو شتە سادانەش ڕازین.

***

**((ژنم دەوێ ژنانە، گۆشتەکەی بخوا و پیستەکەی بکاتە هەمبانە.))**

ئەوە لۆ ژنی چاکیان دوت، واتا ژنی کابان نەیێلی شت خەساربی.

***

**((بارت بەردەئاش بی، ژنی کەرت وەڵداش نەبی))**

بەردەئاش چەند قورسە، باشترە لەوەی کە ژنی خراپ، یان پیاوی خراپت وەڵداش بی،ماندی بی باشترە، لەوەی کە مورتاح نەبی.

***

**((دەردێ بەقەرتار، دەڕوا بە مسقار.))**

دەرێ کەسێک زۆر نەخۆش بی، دەبی سەبرِی هەبی بە قلە حەبەک بی بەشتێک چاک دەبیتەوە، یان نسیبەتێکت بەسەردادێ، دەبی تەحەمولت هەبی لەگەری، بەڵکو خوا دەرگەکی بە خێرت لۆ دەکاتەوە.

***

**((شەڕ لە شۆ نەوەک لە تۆ.))**

ئەو میسالە لۆ ئەوە هاتییە، کە کێشەیەکی سادە هەبێ، لەسەرەتاوە بیبرِێنییەوە، نەوەک بیهێڵیتەوە بۆ ئاخیری، چونکە ئەوکات کێشەکە ئاڵۆزتر دەبی.

***

**((مارت مار نەبی، بازاڕت بازاڕ بی.))**

کابرا هەیە، شتی هیچ باش نییە، بەس شێوازی قسەکردنی باشە و ئسلووبی هەیە، کچی وا هەیە زۆر جوان نییە، بەس بە ئسلووبە و خەرک دەچنە داخوازییان و بازاڕیان گەرمە.

***

**((کەرم دا بە کەرێ، سندانی تێوەرێ.))**

لەوکاتــە دەوتــرێ، معامەلەیــەک دەکــرێ، یــان کەسێک ئیشێک دەکا، لـۆ قـازانجی دەکـا، بـەڵام شــتێکی وای لۆنـامێنێتــەوە، یــان زەرەر دەکــا، یانیش هەر بە مایەی خۆی هەڵدەستێتەوە.

***

**((هەنــدە نەچییــە جێیــان، گاســنەکت بخەنــە بەرپێیان.))**

لـۆوەی دەوتــرێ، کــە هەنــدە نەچییــە جێیــان، ئەوەندە بچییە ماران لێتبێزار دەبن. عیصام کۆیی شـتێکی هاوشـێوەی ئـەوە لـە کۆمێنـت نووسـیوە: (هەنـدە شـیرین مەبـە قوتـت دەن، هێنـدە تـاڵیش مەبە فڕێت دەن.)

***

**((لەکەرێ بکەون لە کورتانێ ناکەون.))**

لەوەوە هاتووە، کـە ئیشـێکیان هـەبووە، دواتـر ئیشـێکی تـر لۆخۆیـان دەبیننـەوە، وەک ئـەوەی پێشدان جاش بووین، ئێستا پێشمەرگەنە.

***

**((نۆکان بهاوێ و لۆقان بهاوێ،**
**دەست بە ڕیشت دابینە نیسکان تۆدە.))**

نۆک دەبێ بەتەنکی تۆ بدرێ، چونکە پنجی دەکا و خۆی پڕدەکا و دنکی درشت دەردەچێ. نیسکیش دەبێ زۆر پڕ تۆ بدرێ، بۆئەوەی بەری باش بی.

***

**((شەیتان پەلەپەلی کرد، چاوەکی خۆی کۆرە کرد.))**

دەلالەت لە سەر ئەوەیە، ئیشێک بەپەلەپڕووکە بکرێ و جەڕکەی بە گۆسکە دابدەی، ئەوە زەرەرت لێدەکەوی و ئیشەکەشت ناکرێ، خۆت بە فەتارە دەدەی. یان پەندێکت بە سەردادێ و سەرکەوتوونابیت. دلاوەر کوردی پەندێکی هاوشێوەی لە کۆمێنت نووسیوە:

(ئیشی بە پەلەپەلی، ساحێبەکەی دەشەلی.)

***

**((نە لۆ کوێر هەڵپەڕە، نە لۆ کەڕ گۆرانی برێ.))**

لــۆ ئــەوە هاتییــە کەســێک گوێــت لێنــەگری و نەسحەتی وەرنەگری خۆتی لەگەر ماندی نەکەی، چونکە مایە پووچ دەردەچی، قسە و تـەگبیرەکانت سەرناگرن.

***

**((نۆرەی پوورە شەمێیە، تەوش و ددانی پێیە.))**

ئـەتوو کێشـەکت هەیـە، کێشـەکی تـرت لۆپەیـدا دەکەن، ئەوەندەی تـر بـارت قـوورس دەکـەن.((من وای بــۆدەچم: (تەوشــی ددانــی پێیــە)بێ، واتــا بۆخۆت تووشی کێشەیەک بوویی، کـەچی پـوورە شــەمێ هــاتووە ددانیشــت دەشــکێنێ و ئــازارت دەدا.))(هاوژین)

***

**((دیزە دەگەڕێ، دەرخۆنەی دەبینی.))**

زۆر جــاریش دەوتــرێ، مەنجــەر قــەپاغی خــۆی دەبینتەوە. وەک برێین دوو کـەس هـاوکوفی یـەک بن.

***

**((ئەوا ئەمن دام خودا نەینووسێ، بارێکم لێنای لە بنی هەرنەستی.))**

ئەوە لۆوەیە، ئیشی کابرا جێ بەجێ نابی و هەر خەریکە، بەڵام خەریک بوونەکەشی بێسوودە و مایە پووچە و هیچی لێپەیدا نابی.

عەبدولستار بندیان لە کۆمێنت نووسیویەتی:

(دایکی ڕەحمەتیم زۆر باسی ئەوەی دەکرد، کە چۆن باوکی لەیلا نەیدەویست لایلای کچی بداتە مەجنوون بۆیە دیوت:

ئەوا ئەمن دام خودا نەینووسی،
سەت حوشترم دەوێ حوشتری جحێشی
لەسەر منارەی چۆپی بکێشی
بەربیێتەوە و هیچ جێی نەیێشی.
سەت مەڕم دەوێ مەڕی کەوی سار
سەت گورگم دەوێ گورگی شێت و هار
لە شوێنێ بن بێ شوان و شوانکار
بەڵام بەو شەرتەی نەبن بریندار
دوایی دەیگۆ: ئەوا ئەمن دام خودا نەینووسێ.

***

**((داکێ ببینە و دۆتێ بخوازە.))**

بەزمانی سریانیش واهاتووە:((قوقتە کخەپیە کومە و براتە کشەبیە هیمەو))واتا: کوپە سەری خۆی دادەپۆشێ و کچیش لە داکی خۆی دەچێ. هەردوو گوتراوەکە، مانای ئەوەیە: کچ لە داکی خۆی دەچی.

عەبدولستار بندیان لە کۆمێنت نووسیویەتی: (کورتێ و کەژێ، لێکدەهەژێ.)

***

**((ڕۆژ و لات دەکا ورات.))**

پێشدان جوتیار بەکەر و ئێستر و گا جۆتیان دەکرد، هەرڕۆژە و لاتەکیان جوت دەکرد، پشییان بەوە خۆش بوو. تا هەموو زەوییەکەیان دەکێرا.هەڵمەت گۆمەشینی لە کۆمێنت نووسیویەتی بەمشێوەیەش هەیە: (ڕۆژ و لات، هەموو ورات.) دلاوەر کوردیش نووسیویەتی بەم شێوەیەش دەگوترێ: ( ڕۆژێ لاتەک، سارێ وراتەک.)

***

**((نە کۆنە کانیان بکە بە ڕەز، نە چەتیمۆکان دەبن بە کەس.))**

واتا کۆنە کانی بکەی بەڕەز ئەوا ڕەزەکەت ئیشک دەبی، چونکە هی پشت بەستنێ نییە، چەتیمۆکەش نابتە ئەوادم و ناکەس بەچەیە. جوبرایل عەلی شانۆکار لە کۆمێنت نووسیویەتی: (نە ناکەسان بکە بەکەس، نە کۆراوان بکە بە ڕەز.)

***

**((سەرقۆتی کراوت نییە، پێخواستی پێراوت نییە، جێژنە و جێژنە پراوت نییە.))**

پێشدان ئەوهابوو جێژنەو جێژنە پراویان دەکرد، قۆندرەکی لاستیکیان لۆ دەکڕین، لە خۆشیان هەڵدەپەڕین، لەگەر خۆمان دەمان خەواند. خواردنێکی خۆشمان هەبوایە لە خۆشیان خەنی دەبووین، دەمان گۆت یاپراغمان هەیە، یاپراغمان هەیە. گۆرانیمان دەوت.

***

**((سواری خەرکی پیادەیە.))**

ئـــەتوو شـــتێکت نـــەبی هـــی خـــەرکی بی، دەکـــا نیتە.لۆیە بەشتی خەرکی خۆت هەرمەکێشە.

***

**((لەخۆت هەیە سەد و سی پەرە، بەخەڵکی مەکە تیز و گۆنگەرە.))**

کەسـی وا هەیـە هـەزار شکەسـتەی هەیـە و باسـی خەرکیش دەکات و عەیب و عاری خۆی نابینی.

***

**((لە سەرەوە یارە، لە ژێرەوە مارە.))**

لـە سـەرەوە قسـەی خۆشـە، لـە بنـەوەش وەک ماری پێوەت دەدا. ڕەزا شوان لـە کۆمێنتی فـەیس بووک پەنـدێکی هاوشـێوەی ئـەوەی نووسـیوە:(بە خاڵۆ خاڵۆ هات بەلامەوە، بوو بـە توولـەمار دای بەپامەوە.)ڕەزا شوان لە زۆربەی کۆمێنتـەکانی بـە بەفرین عەزیز دەڵێ: دایکی پەندی کوردی.

***

**((بێچەقچاقە گرەقدی.))**

وەرگێڕانەکەی بەکوردی: بەبێ چەقەنە هەڵدەپەڕن. لۆ وانە هاتییە کە زۆر دڵخۆشن و بەبێ چەقەنە لێدان هەڵدەپەڕن و مناسەبەکی گچکەیان هەبی گەورەی دەکەن.

***

**((لە کورچی، بوویتە حەمام چی.))**

ئەوە بە کەسێک دەرێن کە پێشدان فەقیر بووە، ئێستا دەوڵەمەند بووە، لە خۆی دەگۆڕێ و ڕابردووی خۆی لەبیر دەکا، ئیجا وەی پێدەرێن.

***

**((گوخە دنکە یەپشەتە خە مەیخانە گمەجیلی.))**

وەرگێڕانەکەی بەکوردی واتا: لە دەنکە مێوژێک مەیخانەیەکی دەگێڕن.

بەو کەسانە دەرێن بۆنەیەکی سادەیان دەبێ، هۆسە و هەرسەی دونیای لۆ دەگێڕن. بۆ نموونە یادی لە دایک بوونی منداڵێکیان دەبی، زیاد لە ئەندازەی خۆی گەورەی دەکەن.

***

**((ڕشكێ سەرم خۆی.))**

ئەو ئیدیۆمە زۆر جار ئەوها بەكار دەهات: ژن چەمۆڵەیان لێكدی دەكرد و بەیەكیان دەوت: ڕشكێ سەرم خۆی. جاری وەها هەبوو چەپۆكێكیشیان لێكدی دەدا. زۆر جاریش لۆ پێكەنین بوو.

***

**((من خە تیسكە عەمڕە، خە مەحفڕتە كۆدە، من خە دندكتت ڕزە خە مەجلیس كمەسووە.))**

وەرگێڕانەكەی بەكوردی واتا: لە تیسكە خورییەك مافوورێك دەچنێتەوە، لە دەنكە برنجێكیش مەجلیسێك دادەمەزرێنێ و تێریان دەكات. ئەوەش لۆ ژنی ژنانە وتراوە، كابانە و دەتوانی مشووری خۆی بخوا.

***

**((خەیارێ حەسەن بەگی، كەوتە گۆمێ هەلەنگی، ماسیان خوارد بەبێ دەنگی.))**

ئەوە لۆ ئەوكەسانە دەگوترێ، كە بەخەیاڵ دەڕۆن و لۆخۆیان هەر بیردەكەنەوە.

***

**((بنەوانی شلە.))**

لۆ ئەو ژنە بەکار دێ کە پەرتووبراوەی دەکاتن، مێرد هەرچەندە ئیش بکات نابیتە هیچ. لۆخۆشی کاتێ کە بنەوان شل بێ ئاوی زۆر لێهەرناستی و ناتوانی شینایی لەبەر بکەی.

***

**((دەبا وەت لێبێ خەپلێ، لەسەر کەپرێ سەپانان، ترشۆکەی مامەڕمانان.))**

یاسین برایم ڕەواندز لەو بارەیەوە لە کۆمێنت نووسیویەتی:منیش ئەم چیرۆکەم لایە لە پلکی باوکم بیستووە.لام هەیە بە شێوەی ئاخاوتنی ڕواندزێ.

بە کورتی دەیڵێم:

کچێکی گێڵۆکە و قەڵەو هەبوو، زۆر دەگەڕا، دەسوڕا، وەختی خۆی سەپان کەپریان دەکرد بۆ دروێنە و گێڕەکردن و کاروباری سەپانی، لە بن کەپر، جاروبار ترێ و تەرۆزی و دۆ و خواردن دەهات. ئەوکچەش دەچووە بن کەپرێ. شتیان دەدایێ و دەیخوارد. ڕۆژێک گەنجێکی لێ پەیدا دەبێت و دەستدرێژی دەکاتە سەر و لە دوایی

دووگیان دەبێ، ئەوجا پێیاندەوت: دەبا وەتلێبێ خەپلێ. بەقسەی ئێمەت نەکرد. ئەوجا بۆ ئەوانەی بەقسەی کەسوکاری خۆیان ناکەن و دواتر توشی کاری نەخوازراو دەبن...هتد

ئەسعەد عەدۆ بە ماسنجەر ئەو زانیارییەی بۆناردم و دەڵێ:

وادیارە گیشەکەر لەبن کەپری سەپانان خۆی دۆڕاندبوو! بۆیە بەهەڵەداوان گیشەکەر و سەپانیان لێکمارە کرد تا ئابڕویان نەچێ.

کاتێ خەپلێ گەیشتە ماڵە مێردی، هەر لەیەکەم سبیانەیدا کەپووی خۆی سمی!

خەزوریشی پێیگوت: کچم ئەوەی لێرەی دەیسمی دەبوایە لە ماڵە بابت بسمیبایە! ئەوەی لەوێت سمی دەبوایە لێرە بتسمیبایە.

لەبن کەپرێ سەپانان

دەبا خەپلێ واتلێبێ

خەپلە: بە شێوەی ڕواندزی بە کچ یان ژنێکی گۆشتن و قەڵەو و لەش نەرم دەوترێت.

***

**((کابانێ قوون قەوی، شیوی مەکە شـەوی، بیـدە پێتەوی.))**

ئـەوە بەسـەرخۆمان هاتییـە ئەمـە مندار بـووین لەگەر کچی مامم، زۆرمان برسی بوو، خزمـەکمان حاریان باش بوو برنجیـان لێدەنا، ئـەوەی زیـاد دەبـوو، دەیاندایـە مـەڕی نەیاندەدایـە مـە. داکـم ئـەوەی بـە ژنەکـە وت. پێتـەوی واتـا پێپـەتی و هەژار. واتا شەو ئەو شیوە لێمەنێ کـە نیـوەڕۆش شیوت لێنـاوە بیـدە فـەقیر و موحتاجـان. رونـاک ڕەسووڵ پوور لـە کۆمێنـت نووسیویەتی: پێتـەڤی وشەیەکی کرمانجییە، واتای پێویستی دەگەیێنێ.

***

**((گۆزێ گو لبو لاکرەقدی.))**

وەرگێڕانەکـــەی واتـــا: گـــوێز لـــەنێو دری هەڵدەپـەڕێ. واتـا: دری هەنـدە خۆشـە و فـش و هۆڕیەتی و هەردێ و دەچی، لۆیە وای پێدەرێن.

***

**((ئەگەر بە دوعا دەبوو، قوشپل بە خورما دەبوو.))**

دەلالــەت لــەوەی دەکــا کــە خــوا دەریَ: لــە تــوو هەرکەت لەمن بەرەکەت. دلاوەر کوردی لە کۆمێنت شتێکی فۆلکلۆری لەوە نزیک نووسیوە: (ئەگەر بە دوعا دەبوو، کێرووشک گا دەبوو).

***

**((سوولتوو ڕەپتێلە.))**

وەرگێڕانەکــەی واتــا: گوفکیــان گەورەیــە. واتــا دەوڵەمەندن و حاریان باشە، لە کۆندا هەر ماڵەو گــوفکی خــۆی هــەبوو، مــەڕدار و دەورەمەنــدەکان گوفکیان گەورەبوو، فەقیر هیچی نـەبوو تـا فڕێـی بــدا، خــۆ وەک ئێســتا شــت و مــەکی نــایلۆن و شووشە و پلاستیک زۆر نەبوو، تا فڕێ بدرێن.

***

**((سە لە ماریان بە بۆرەبۆر دەڕوا، نـاوی کچیـان دەنێن نارنجۆک.))**

لۆ ئەو کەسانە بەکاردیَ کە هیچ نەبوون و هیچان نییە و بەرزیش دەڕوانن.

***

**((ئیدە کتۆرە، بێتەلتە کەسیالە.))**

وەرگێڕانەکـــەی واتـــا: دەســـت دەشـــکێ و کەلانگوچک(فەقیانـــە) دەیشـــارتەوە. لۆئـــەوە بەکاردێ کە خزمووکەسێکت کە لێی قـەوما ئاگـات لێیبی. ئێمە لە ناوخۆمان لێمان قەما، مـامم ژنـی مردبـوو بـە کچێکـی خزمیـان وت: لێـی قەومایـە و هـەر دەبـی بتـەوێ.دواتر لــە سـەر بنـەمای ئـەم گوتراوە کچەکە شووی بە پیرەمێردەکە کرد.

سەردار قامیشـەیی دەڵـێ: پەنـدێکی تـر هەیـە بـە تێڕوانینی مـن لـەو پەنـدە نزیکـە: (پـاروو لـە دەم کەوتە خوارەوە، بۆ کۆش باشە.)

***

**((سەت جرتی بە هەزار جرتی.))**

ئـەوە لۆکابرایـەک بـەکار دێـت کـە دری هەنـدە خۆشە حەجمینی نییە و هـەر قونـە جرەیتـی و دێ و دەچـــی و لــــە خۆشــیان پێدەکـــەنی و وەرە و بڕۆیەتی و حەزناکات دابنیشی، هەردێ و دەڕوا و سەرەتاتکێیەتی.

***

**((بـــاران هـــات بـــە پانـــەوە، دەرز و درووومـــان شاردرانەوە.))**

ئەو مەسەلەیە لۆئەوەیـە، کـاتێ شتێک ڕوودەدا، خـەرک پێـی سـەرقاڵ دەبـن، کـاتێ شـتێکی تـر پەیدادەبێ خەرک شتە کۆنەکە لەبیر دەکەن و بە شـتە نوێیەکـە سـەرقار دەبـن. دلاوەر کـوردی لـە کۆمێنت نووسیویەتی: (خەم دێ خەمی دەبا.)

***

**((حەیف نەبێ، کۆرکێش مار یا هەنیسە پەتەبێ، عەربەک و نیو وەک من وەرگرێ.))**

پـەترۆس چ نـەبوو، کابرایـەکی شل و شـەپەتەی گوندی هەرمۆتە بوو، ئەمن و گـورجی شـەغرەمان بینـــا دەکـــرد، پەترۆســـیش بـــە هـــەزار حـــاری شەغرەکی دەکێشاوە، زۆر جاریش لەڕێیێ شەغرە دەزا. گورجی ئەمەی پێ دەگـوت. ((ئـەم وتەیـە لـە ســاڵی کۆتــایی شەســتەکانی ســەدەی بیســتەم وتراوە،ئـەوکات ئـەم گـورجی نـاوە لـە هەرمۆتـە تێلەکێش بووە، پەتە واتا: پەترۆس))(هاوژین)

***

**((تـــایهوو تـــایهوو گاڕانیـــان دەبـــرد بـــەخڕەوە پیرەژن لە گۆلکە سۆری دەپرسی.))**

هــورمزی شــووبرام مێردمنــداڵ بــوو نــاوی لـــە عەســـکەری هـــاتبووەوە، ئـــەو ڕۆژەی چـــووە عەسکەری زۆرمان پێناخۆش بوو، هەموو گریـان، داکی وتی: ئەدی کێ کەرەشینی ئاودەدا، خەزوورم بـەجواب هـاتوو وتــی: تـایهوو تـایهوو گاڕانیـان دەبرد بەخڕەوە، پیرەژن لە گۆلکە سۆری دەپرسی.

((لە چەند کەسانم بیستووە کە لەسـەین و بـەینی سـاڵانی ١٩٦٣ کـاتی هـاتنی حـەرەس قەومییـەکان ئــەو پەنــدە وتــراوە، ئــافرەت شــینیان گێــڕاوە، لەوانــە یــا ئشـیل کــە مێگەلــە مــەڕێکی گــەورەیان تــاڵان کرابــوو، دەگریـا و دەیـوت مێگـەلی حــەفت بەرانم ڕۆ.))(هاوژین)

***

**((تێرم نەخوارد داندۆکە، لەسەرم بنێم دەسرۆکە))**

لۆ ئەوەیە کە کێشەیەکت هەبی، کێشـەیەکی تـرت لۆ پەیدابکەن.

***

**((سـەی دەخەسـێنی بـە دوو عانـە، دەسـتی گـراو دەکات بە چار عانە.))**

ئـەوە لـۆ ئـەوە بـەکاردێ کـە لـە ئیشـەک زەرەر بکەویی و قازانج نەکەی. کاروان سەلیم لەکۆمێنت نووسیویەتی: (قازانج سەری مایەی خوارد.)

***

**((ڕەزی ڕەزەوان، پەزی پەزەوان.))**

ئەوە کـابرا سـاحێب ڕەز و سـاحێب مـەڕ دەبـی، پاش ماوەیەک دەبینی باخەوانەکە دەبتـە سـاحێب ڕەز و شـوانەکەش دەبتـە سـاحێب مـەڕ و کـابرا دەستی دەکەوتە قۆرتێ و هیچی لۆ نامینێتەوە.

***

گەنجەک تەرفیزی بە پیرەمێردێک دەکات و دەرێ: **((مامە دڕدێنت دەگرم لە باژێڕی دەگێڕم))**پیرەمێرد خـــۆی ســـەغرەت ناکـــات و دەرێ: چ قەیـــدەکا ئـەتووش لەگـەر منـی، ئەگـەر قەشـمەری بـەمن دەکەی لۆخۆشت قەشمەری.

***

**((لایەکم بێرە و لایەکم هەراوێرە، لایەکم شەولکە یەکێکم دەولکە.))**

واتا لەلایەک مەڕی دەدۆشی، لە لایەکیش بەرخی لە مەڕی جیادەکردەوە، دەولک و شەولک بۆ ئاوهینان بەکار دەهاتن. ستار بابان لە کۆمێنت نووسیویەتی: (جوانە...دەولک شتێک بوو لەپیستە و بەو دواییشە لە لاستیکی وەک چوپی ئۆتۆمبێل دروست دەکرا و پەلە دەولکیان تێدەخست کە دوو کورتە داری لە درێژی یەکسان بوون ولە شێوەی (+) زائد دروستدەکراو لە چوپەکەی دەخرا کندرێکی درێژیان لێدەبەست و ئاویان پێ لە بیرێ دەردەهێنا.)

***

**((کەری بە غورامان ئاوەدا.))**

ئەو ئیشەی لۆخۆت بەدەست و مستی خۆت نەیکەی ئەوەی دیکە بەدرێت نابی.(غولام بووە بە غورام)(هاوژین)

***

**((دۆی بدەنە بێ دۆیان، لەکن وان بی ماستە))**

ئەوەی شتی نەبی دۆ لە لایان گەلەک بە قیمەت دەبی وەک ماست دەیخۆن. واتا نەبوونییان بینیوە و قەدری شت دەگرن.

تەحسین موحسین لە کۆمێنت نووسیویەتی: کەری بدەنە کەرتۆپییان، ژنی بدەنە ژن مردییان.

پیاوێک کەرەکەی مردووە پاشان لەدێیەکەیان جاشکەکی دەدەنێ ،ئەویش خزمەتی دەکات و لە بنە بانی ژۆرێ بەخێوی دەکات، ناویلێدەنێت ولی، ولی فێرببوو لەمالان بەژۆر دەکەوت لۆ بنەبانێ خاوەنەکەی دەیگۆت:

کەس نەڵێ ولی بەولاوە
جێگای بان سەر و چاوە،
زۆرم بێکەری کێشاوە.

دلاوەر کوردی نووسیویەتی: دایکم بەڕەحمەت بێت دەیگوت: هەموو کەس نانی خۆشدەویست، بەران گاوان نانی بەسەر سینگێ خۆیەوە دەنا.

***

**((پانیت نه‌بی به‌خوونه، هه‌مووی نووشته و جادوونه.))**

**((گۆلکه‌ی خه‌رکی گۆله ساره.))**

هه‌ردوو په‌نده‌که بۆ مه‌به‌ستێک به‌کار دێن، واتا ئه‌گه‌ر منداره‌ک له خۆت نه‌بی به‌خێوی بکه‌یی و به‌خێوی نه‌که‌ی هی توو نییه. چونکه ئافره‌ت که خۆی منداری بوو ئازاری پێده‌کێشێ و خونی له‌به‌ر ده‌ڕوا. دلاوه‌ر کوردی له کۆمێنت نووسیویه‌تی: دایکم به‌ڕه‌حمه‌ت بێت ده‌یگوت:

(( با بدا له جینگوڕم، کوڕی که‌س نابیته کوڕم.))

***

**((ددان کێشان باشتره له ژانێکی به‌رده‌وام.))**

وه‌ک ئه‌وه‌ی ژن و مێردێک هه‌ر ده‌مه‌قاڕێیان بی له‌سه‌ره‌تاوه یه‌کتر ته‌راق ده‌ن باشتره، وه‌ک مه‌سه‌له‌یه‌کی دیکه هه‌یه ده‌ڕێ: شه‌ڕ له شۆ، نه‌وه‌ک له تۆ، چونکه ماری به‌ئاژاوه و هه‌را ناخۆشه و ده‌بیته دۆزه‌خ.

***

**((چ ڕۆمی بیبا، چ تەتەری.))**

وەک ئـەوەی شـتێک فایـدەی لـۆمن نـەبی وەک نەفتەکە کێ بیبا لۆمن هەریەکە.

***

**((لە هووی مووی دەکا))**

لـۆ ئـەو کەسـانەیە کـە پەیـداکون و کاسـب و ئیشـکەرن. ((مـوعجیزە نوانـدن، دروسـت کردنـی شتێک لە نەبوونەوە))(هاوژین)

***

**((خودا بدا مەرگم، زاوا نەکا بەرگم.))**

لۆئەوە وترایە کە لێتنەقـەمێ و نەکەوییـە دەرکـی زاوایان.

***

**((گەندە و مەندە، بەشی من هەر هەندە.))**

کە شتێکی پتـرت هـەبی و زۆرتـرت بەبەرکـەوی، کەچی کەمترت بدەنێ و ئەتووش دەردەدری خـۆت دەردەبڕی.

***

**((ئەوی لە ماران نییە، ئاگای لە حاران نییە.))**

ئەوە لۆ ئەوە دێ لە مارێ مەشاکیلی دەبی و کەس نازانی و قسە ناکا.ڕەزا شوان پەندێکی هاوشێوەی وی لە کۆمێند نووسیوە: (ئەوەی دەیخوات نازانێت، ئەوەی تێدەکات دەزانێت.)
نەسرەدین سەیدە لە کۆمێنت وای نووسیوە: (ئەوەی نییە لەماڵم، ئاگای نییە لە حاڵم.)لاداوەر کوردی لە کۆمێنت وای نووسیوە: (ئەوەی نەبێ لە ماران، ئاگای نییە لە حاران.) یان: (ئەوەی تێدەکوشێ دەزانی چی تێکوشییە، بەران ئەوەی دەخوا نازانێ چ دەخوا.)یاسین برایم ڕەواندز لە کۆمێنت نووسیویەتی: لە ڕەواندز دەڵێن: (ئەوەی لە مارم نییە، ئاگای لە حارم نییە.)

***

**((بە هەزار دەرزی کاسنەکی تێنابی.))**

لۆئـەوە بـەکاردێ دەبینـی چەنـدان کـەس دەورەی ئیشـێک دەدەن لێـی نـازانن و هیچیـان لەگـەر پێناکرێ،واتا یەک کەسی شارەزا دەتوانێ ئیشەکە بکات.

***

**((ڕوو بەڕووی دەم چەور، پاشملەی دەم تەور.))**

لـۆ ئەوکەسـانە دەوتـرێ کـە ڕووبـەڕوو گەلـەک قسـەیان لەگـەرت خۆشـە، کـە پشـتت لێدەکـەن، دوایی قسەت پێدەرێن.

***

**((پێ لە تەختەی چرووک مەنێ.))**

میسـال لـەوە هاتییـە کـە ئیشـێک پێتنـەکرێ نەیکەی.یان ئیشەک ترسناکی تێدابی وا دەرێن، دەرێن مەیکە خەتـەرە و پـێ لـە تەختـەی چـروک مەنێ و خۆت مەخە هیلاکەتییەوە.

***

**((لە پشکەک، ڕەشکەک.))**

پشک مانای وایە بەشێکی بچووک، ڕەشکەک وەک ڕەشکەی کای کە کایەکی زۆری دەگرت. واتا: پارە و پولێکت هەبێ هەندێکی لێبشارییەوە وردە وردە پڕ دەبی و زۆردەبی. زۆر جار هەیە ژنی کابان دەتوانێ پارە کلبداتەوە و شتی مارەوەی پێبکات، هەشە زۆریش وەردەگری و هیچی پێناکرێ، لۆیە کابانی مار زۆر گرنگە. عەبدولسەتار بندیان لە کۆمێنت نووسیویەتی: (پیاو جۆگەیە و ژن بنەوان). دلاوەر کوردی ئەویش ئەوەی لە کۆمێنت نووسیوە: (هەندەک ژن ژن نینە ژانن، دوژمن یان (غەنیم)ی کاسەی نانن. فەرهاد ئەکبەری لە کۆمێنت شتێکی هاوشێوە نووسیوە و دەڵێ: (لافا و لە باران هەڵدەستێ.)

***

**((هەشت بی و لەمشت بی، نەک نۆبی و نەبی.))**

واتا تەماحی نەکەی بە بەشێکی کەم ڕازی بی و سوودی لێببینی باشترە لەوەی هەڵپە بکەی.

***

**((ڕەشەمەی ڕەشی ڕوان، بەتاردەکا چار و کەندو، بەشەڕدێنی بووک و خەسوو.))**

سەخەریا عیساش دەڵێ: (ڕەشەمە ڕەشی ڕووان، بەتاڵ دەکا کەندووان، شەڕی بووک و خەسوان.)

ڕەشەمە دەکەوێتە مانگی دوو بەدرێژایی سار گەنم و ساوار و پێداویستییەکانی تر بەکاردەهێنرێن و دەخورێن، لۆیە لە مانگی دوو و سێ زۆر کەم دەبنەوە، ئەوجا کە کەندو هیچی تیا نەما بووک و خەسوو بەشەڕدێن و هەریەکەی خەتای ئەوەکەی تر دەگری و دەرێ ئەتوو ئەو زەخیرەیەت خەلاس کردییە، کوردەواری دەرێن: برسییەتی ڕێی هارییە و شەڕی بەدواوەیە.

***

**((ئەگەر بە خەو دەبوو، کەروێشک بە گا دەبوو.))**

واتا ئینسان دەبی ئیش بکات و تەمبەر و تەوەزەل نەبیت و چاوی لە زۆر خەوی نەبیت، چونکە ئەگەر بەخەوبی کەروێشک دەبوایە زۆر گەورەبی.

***

**((هەتا ددان هەبوو پراو نەبوو، ئێستا پراو هەیە و ددان نییە.))**

لۆ ئەوە دەگۆترێ کاتێ ئینسان گەنجە پێویستی بە زۆر شت هەیە، بەرام لۆی نالوێ دەستی ناکەوێ، کە پیریش بوو شتەکان زۆر دەبن ئەوکاتیش فائیدەی نابی.

***

**((ئاشی نەزانان خوا دەیگێڕێ.))**

ماناکەی ئەوەیە کە لۆخۆی هیچ نازانی، خەڵک ئیشەکەی لۆدەکەن و لۆی ڕێکدەکەوی، یان کەسێک هەر لەخۆڕا دەست دەداتە ئیشێک و ئیشەکانیشی دەڕۆن و بەردەوامیش دەبی.

عەبدولستار بندیان لە کۆمێنت شتێکی نووسیوە کە ئاشی تێدایە و دەڵێ: ماری بێ میوان، ئاشی ئاو لێبڕایە.

بەدر خەبات نووسیویەتی: ئەوکەسەی خوا ئاشەوانی بی، خەنی دەبی.

***

((بە حەلوا حەلوا دەم شیرین نابێ.))

((مار بە گۆتن و نەدانێ خەراپ نابی.))

واتا هەر بەقسە نەبی، دەبی عەمەلیشی لەگەر بی، هەتا ئێوارێ هەر برێی حەلوا حەلوا، بەرامبەر ئەوە نییە کەوچکە چایەکی حەلوا بخەیتە زارتەوە. لەکار و باری رۆژانەش وایە.

***

((من ئاغا و تۆ ئاغا، ئەی کێ جێمان لۆ ڕاخا؟))

دەلالەت لەوەی دەکات کە دەبی هەموو هەماهەنگ بن بۆئەوەی ئیشەکان جێ بەجێ بن، نەک هەرکەسە و خۆی بکاتە ئاغا، واتا ژن و مێرد دەبی هەماهەنگی یەکتربن.

دلێر تاهیر لە کۆمێنت پەندێکی دیکەی هاوشێوە نووسیوە:

گەڵناغاز خۆش گەڵناغاز

دوازدە ئاغا و سێ کرمانج.

***

**((نەعلەت لە بابی عەدەس، بە حەوت ماران لاتەک بەس.))**

دلاوەر کوردی لە کۆمێنت نووسیویەتی: نیسک زۆرناوی هاتووە. چاکێک هەیە لە پیرڕەشی گوندی دایکم، بەناوی" شێخ پیربار"، ئەگەر بچیە سەر قەبرەکەی دەبی " یان گیسک، یان نیسک ببەیت.

سەرڕای باشی نیسک، بەڵام نابێت بە تەنها وەکو جەم بخورێت، بە تایبەت هاوین، چونکە زگت پێی دەچێت هێندە ئاوکێشە زگاوت دەکات، دوایی زگ چوون و ئاوت لە لەش ناهێڵێت.

ساواریش زۆرناوی هاتووە، چونکە زاووەو پڕە لە سوود.ژنێک منداری ساوای هەبی دەبی ساواری بخوات، چونکە شیری زیاد دەکات.

د. ئیدریس عەبدوللا بە شریتی دەنگی بە سەرهاتێکی خۆشی بۆ ناردبووم، حەزم کرد دایبنێم:

لە ساڵی حەفتاکان، کابرایەک ماڵی لە سەیداوەی هەولێرێ دەبیتن، مانگی حەف و هەشت دەبی گەرما دەبی، نیوەڕۆ دەچێتەوە

ماڵێ، بە خێزانەکەی دەڵێ چیمان هەیە، ئـەویش دەڵێ: نیسک. دەڵێ: وەڵا نیسک نـاخۆم. دەچێتـە ماڵی کاکی بۆ ئەوەی بزانێ چیـان هەیـە، دەچیـت و سەلامێ دەکاتن دەڵێ: براژن چیت لێنایە؟

دەڵێ: نیسکم لێنایە فەرموو وەرە دانیشە.

دەڵێ: نەوەڵا براژن نیسکی نـاخۆم، ئـەمن دەڕۆم. دەچمـە مـاڵی ئـەو ئامۆزایـەمان بـزانم ئـەو چـی لێنایە؟

دەچتە ماڵی ئامۆزاکـەیان دەپرسـێ چتـان هەیـە، دەڵـێن نیسـکمان لێنایـە، فـەرموو وەرە دانیشـە، دەڵێ: وەڵا بابە نیسکی ناخۆم. ئیدی دێتـە دەرێ، دەڵێ دیارە ئەو گەڕەکە هەمووی نیسکیان لێنایە، بابچمە کـەباب کـۆیی دوو شـیش کـەبابان بخـۆم. دەچی دوو شیش کەباب و چایەکی خۆش دەخـوات و دەگەڕێتەوە، لەڕێیە موختاری دەبینی، موختـار چاوی پێی دەکەوی کاکە ئـەوە بـەو گەرمایـەی لـە کێ دێیەوە ؟

ئەویش دەڵێ مام موختار وەڵا لە ماڵێ خواردنێکی وەهامان نەبوو، ئەمنیش چومە کەباب کۆیی و

دوو شیش که‌بابم خوارد، ئێ گۆتی: ئێ کورِم ئه‌تو لۆ ده‌چوویه که‌باب کۆیی ده‌هاتبایه ماڵی مه نیسکه‌کی زه‌ریفمان هه‌بوو، کابرا گۆتی: ئه‌رێ مام موختار به‌س نه‌بی ئه‌وه دیاره ئه‌مرِۆ ئه‌و گه‌رِه‌که هه‌مووی نیسکتان لێنایه، ئه‌من له داخی نیسکی رِۆیشتیم نیسکی زه‌ریفی چی!!

***

((مازی چنی کون له پاشۆلێ.))

واتا ئه‌وکه‌سه‌ی که زۆر ئیش ده‌کات، به‌ڵام ئیشه‌که‌ی هیچ دیار نییه. وه‌ک ئه‌وه‌ی مازی بچنی و پاشۆله‌که‌ت(به‌رهه‌ڵبێنه‌که‌ت)کون بێت و تۆ هه‌ر مازی تێده‌که‌ی له خواره‌وه‌ش هه‌ر ده‌وه‌رن و کۆنابنه‌وه. واتا نه ده‌ستت به‌تاره و نه‌ئیشت دیاره.

محه‌مه‌د حاجی خه‌لیل بندیان له کۆمێنت نووسیویه‌تی: ماردارێکه‌ری رِه‌نج به خه‌سار.

عه‌بدولستار بندیان نووسیویه‌تی:

ماردایکه‌رێ، رِه‌نج به خه‌سارێ.

***

**((تەیری گول عاشق بە داری زەقنەبووتە.))**
واتا كچێك مێرد بە كوڕێك دەكات كە لایەقی ئەو كوڕە نییە، لە حەشمەتان وای پێدەرێن، بە شێوەیەكی تریش دەرێن كاتێ كوڕ و كچەكە هیچ نەبن و یا لایەق بەیەك بن، دەرێن هاوكوفی یەكن.

***

**((كەرم هەبوو فیت،ئێستا كەر و ژنم هەیە فیتانە فیت.))**
كابرایەك ژنی هێنابوو، پێیان دەگوت ئێستا چۆنی؟
دەیگوت فیتانە فیت.
خەركیش لەوە تێنەدەگەیشتن، ڕۆژێكی پێیان وت: ئەرێ فیتانە فیت چییە؟
ئەویش گوتی: هەتا كەرم هەبوو، فیت بووم، ئێستا كەر و ژنم هەیە،فیتانەفیتم.

***

**((هەتا گوندۆر گوندۆر بوو، قەمو قیلـەی مـە زۆر بوو،گندۆر هاتە بڕانێ، قەوم هاتنە قڕانێ.))**

واتا کە پارەت هەبوو خـەڵک زۆر دەورەت دەدەن، کـە پـارەت نـەما و دەسـتت کەوتـە قـۆرتێ، ئـەوا کەس ناتناسێ و حیسابت لۆناکەن.

***

**((ماری بەبەی نانیـان نـەبوو داوای تـەڕەپیازیان دەکرد.))**

واتا کەسێک لەباری نییە ئیشێکی گچکەش بکـات، کەچی دەست بۆ شتی گەورە دەبات.هەندەک کـەس حـەجمی خـۆی نـازانی ئەگـەر خـۆی پشـیلەبی وەدەزانی پرینگە.

***

**((بە قسەی خۆش مار لە کونێ دێتە دەرێ.))**

واتـا قسـەی خـۆش لـە هـەموو مەجلیسـان جێـی دەبیتـەوە و بەئاشـتی و تـەبایی ئـیش پێکـدێ. ململانێ و شەڕ مار وێرانییە.

***

**((دەرێی کرمی ناو دوگێیە.))**

**بەکەسێکی خوا پێداو دەوترێ کە ئیش ناکات و دێتەبەردەمی، هیچ ئیشێکیش ناکات و دەست و پێ سپییە.**

**دلاوەر کوردی لە کۆمێنت شتێکی فۆلکلۆری هاوشێوەی نووسیوە: دەرێی کرمی ناو بەزی. شتێکی تریشی لە ماسنجەر بۆناردم و دەڵێ: دایکم بەڕەحمەت بێ دەیگۆت: ژنی ئەو زەمانە هێندە دەست و پێ سپینە، دەویان هێنایە لۆنانی، قوزیشیان هێنایە لۆ گانی.**

**ماموستا عەباس کەمال بندیان دەڵێ:**

**فلانکەس دەڵێی کوندەبەبۆیە، خواردنی دێتە بەردەستی.**

**بەشێوەیەکی تر دەرێن: فلان کەس دەخوا و دەڕی.**

*******

**((هەتا ئەتووی جیرانم، ڕەحەت ناکەم لە گیانم.))**

لەوەوە هاتووە، جیرانی خراپ، کێشەی زۆرت لۆ دروست دەکا، لەخوای بەزیادبی ئەمن جیرانی باشم هەیە بەمەسیحی و مسوڵمانەوە، بەخوا دەرێی شەکرن.مامۆستا عەباس کەمال بندیان نووسیویەتی:جیران ئەجری لەسەر جیرانی هەیە.

هاوژین ڕەشید نووسیویەتی:

سەرە گۆتییە زمانی
هەتا ئەتۆم جیرانی
ڕەحەت نابم لە گیانی.

واتا: ئەگەر زمان لێگەڕێ، سەر ڕەحەت و بێ کێشەیە.((ئەمەیان بنەچەکەیەتی، ئەوەی دایکم دەیڵێ بەشێوەیەکی تر گۆڕاوە))(هاوژین)

هێرۆ صلیوە نووسیویەتی:

سەرە گۆتە زمانە
هەتا ئەتووم جیرانە
ڕەحەت ناکەم لەم گیانە.

***

**((بە حنجەتی منداری داک دەخوا بە چەنگاری.))**
ئەوە بەو کەسە دەوترێ کە دەیەوێ خۆی لە ئیش بدزیتەوە، پێشدان ژن زۆر ماندی بوو، تووتن ڕنین هەبوو، دروێنە و تێلەکێشی هەبوو، کاتێ مندار دەگریا، داکەکە دەستی لە ئیش هەردەگرت و خەریکی مندارەکە دەبوو.
ڕزا شوان نووسیویەتی: لەناوچەی شوان بە تێلەکێش دەڵێن: مەڵۆنێر.
شلێر سەید بەپێکەنینەوە نووسیویەتی: ئێستاش هەندێک ژن لە نانخواردن دەبنەوە لە ترسی قاپ شووشتن دەچن منداڵ دەخەوێنن.

***

**((ئەگەر بەماری بە مام و خاری،**
**ئەگەر بێ ماری بەیتەر بەماری.))**
واتا ئەگەر ماڵ و پارەت هەبێ، خزم و کەس و خەڵک دەورەت دەدەن، ئەگەر گلۆرەشت بکەویتە لێژی، ئەوا قوڕت بەسەر دەبی و کەس خۆیت لێناکاتە خزم.

***

**((فەقیر لە کوێت بوو؟ دەورەمەند پیرۆزت بی.))**
ئەوە لەوەوە هاتووە، کە فەقیر شتێک دەکڕی پێی دەرێن، ئەوە لە کێت بوو؟ بەدەورەمەنیش دەرێن پیرۆزت بی. کەسی فەقیر هەیە سەیارۆکەیەکی کڕییە و هەرکوەک بی پێکی هینایە، کەچی وای پێدەرێن.
نەبەز کەمال لە کۆمێنت شتێکی هاوشێوە نووسیوە و دەڵێ: دەڵێن دوو شت دیار نییە، یەک مردنی کەسانی فەقیر، دوو گانی دەوڵەمەندان.
مامۆستا عەباس کەمال شتێکی فۆلکلۆری هاوشێوەی نووسیوە:
فەقیر کەس نایناسی،
دەوڵەمەند دەکرێ باسی.
***

**((کشە کشە پۆپە ڕەشە، میوان شەو و ڕۆژەک خۆشە.))**
واتا میوانداریش سنووری خۆی هەیە، ناکرێ بە هەفتە بچیتە ماران و دایکوتی.
***

**((ختيێ كعالى، عليێ كخاتى.))**
ئـەوە پەنـدێکی سریانییە، واتـا: بـەرزەکان نـوی دەبنـــەوە، نووییـــەکان بـــەرز دەبنـــەوە. واتـــا دەورەمەند فەقیر دەبی و هەشـە ماوەیـەک فـەقیرە خوا دەیداتێ و دەورەمەند دەبی.
هەڵبەتـە لـە زمـانی کـوردیش پەنـدی هاوشـێوەی ســـریانی هەیـــە، ئیـــدریس حـــاجی عومـــەر نووسیویەتی:
خوا نەویان بڵند دەکا،
بڵندانیش نەوی دەکا.
مامۆستا عەباس کەمال نووسیویەتی:
خوا نزمان بەرز دەکات، بەرزان نزم دەکات.
ئەسعەد عەدۆ دەڵـێ: بـەرزان نـەوی دەکـا، نزمـان بەرزدەکا. یان دەوڵەمەنـدان فـەقیردەکا، فـەقیران دەڵەمەنـد دەکا.ئەوانـەش لـە مـەولوودی نەبـەوی دەوترێ.

***

**((دەروێشی بە کەیف خۆشی.))**

ئـەوە نییـە دەورەمەنـد بـێ، بـەڵکو فـەقیربی و بەخۆشـی و بەسـادەیی و بەباشـی ژیـان ببەیـە سەرێ و لەگەڵ خەرکی بژی.

مامۆستا عەباس کەمال بندیان لە کۆمێنت شتێکی هاوشێوە نووسیوە:

نانی خۆت بخۆ بەئاوێ،
منەتی خەڵکی ناوێ.

***

**((منـداری بـەداو و دەرمانـان، ناگـەڕێ لـە سـەر بانان.))**

وەک ئەو حکومەتەی ئێستا، کاکە بەپینـە و پـەڕۆ حکـومڕانی ناگـەڕێ، وەک ئـەو ژن و مێـردەی بـەردەوام دەمـە چەقەیانـە و خـەرک پێکیـان دەهێننەوە، ئەوەش تاسەر نییە.

وریا ئەحەمەد لە کۆمێنت نووسیویەتی:

منداڵی بە دەرمانان،
ناڕوات لە سەر بانان.

***

**((دۆمە ڕەشە لێت بە میرات بی.))**
ئەوکەسانە دەیرێن کە قەناعەتیان بەڕسقی خۆیان هەیـــە، بـــۆ نموونـــە کـــە شـــینایەک شـــتێکیان چاندووە، ڕسقەکەیان کەمە، کەمیان دێتە دەست، دەرێ: دۆمەڕەشە لێت بەمیرات بی، هـەر ئەوەنـدە بوو. قەناعەتی پێ دەێنی.

***

**((ئاردی وردیان دەوێ لە مابێنی دوو بەردان.))**
ئـەو میســالە لۆئـەوەی هاتییــە، کەسـێک یـان کەســانێک ئــیش نەکــەن و بــەحازری بێتــە بەردەســتیان، جــارانیش زۆر ئــیش بــە بــەردی دەکرا، بەدەستاڕیش ساوار و بڕوشمان لێدەکرد.

***

**((دەرێی لەگەنە دۆینەیە.))**
بــە ژنــی ناشــیرین دەوتــرێ، زۆر جــار ژنەکــە لێوەشاوە نییە و ناشیرینیشـە، دەرێـن تـەمەشـای دەم و چاوی: دەرێی لەگەنە دۆینەیە.

***

((جوارەم خواردییە، هەمبانەم مایە.))
جوار - جوارە، شتێکی گەورەیە وەک خرارەبوو شتیان تێدەکرد، هەمبانەش شتێکی بچووکە لە پێستە دروست دەکرا و ئاردیان تێدەکرد،واتا تەمەنم زۆر ڕۆییە و کەمی مایە.
هاوژین ڕەشید لە کۆمێنت نووسیویەتی: لای ئێمەش هاوشێوەی ئەوە دەگوترێ: عومری پیرە مەڕێکی مایە. دوو تڕ و نیوی کەڕێی عومر ماوە.
تڕی چووە و فسی ماوە.
لاقی لەسەر لێوی قەبرییە.
ئەمانە هەمووی بۆ کەسێک دەوترێ کە بەتەمەن بێ، یان نەخۆش و بێهێزبێ و نزیکی مردن بێ.
محەمەد حاجی خەلیل بندیان، دەڵێ: جوار گەنم و جۆ و ئاردی تێدەکرا، لە خوری مەڕ دروست دەکرا، بۆئەوەی ئەسپێی لێنەدا و خراپ نەبێت، وابزانم ١٥٠کیلۆی دەگرت.
مامۆستا عەباس کەمال بندیان دەڵێ:
دەرێن مردییە، بەس نانی زندیان دەخوات.

***

**((سۆر نەبووین بە ئاگرێ، کۆرە بووین بە دووکەرێ.))**

پێشدان دار تەڕبوو زۆر باش هەرنەدەبوو، دووکەری زۆری دەکرد و چاومان دەبرژایەوە، پەندەکەش ئەومانایە دەبەخشێ: ئێستا وەکو نەفتەکەمانە کە تەنها دووکەر لۆمەیە و نەفتەکەس لۆ خەرکییە. هات و بات و گڕ و هۆڕی تەنکەر لۆمەیە.

دلاوەر کوردی نووسیویەتی: دایکم بە ڕەحمەت بی دەیگوت: هاڕەهاڕی ئاوێ دێ، وەی بابە لە تێنان مردم.

د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن نووسیویەتی: دەمخۆش خاتوونی بەڕێز، دەرتخست فۆلکلۆر هەر تەنیا باسی ڕابردوو ناکات، پێشبینی داهاتووش دەکات.

بەدر خەبات نووسیویەتی:

هێلکە لۆ کراس ڕەشێ،

جیقنەش لۆ سەر بە هەشێ.

***

((دەستی بە بازنی دەویَ.))
ئەوە بەوژنەیان دەگوت کە لە ئیش کردن ئازا بوایە، بەتایبەتی لە دورمان و لە لیَفە دورین و لە ئیشی تر دەیانگۆت: دەستی بەبازنی دەویَ.
واتا ژنیَکی دەست ڕەنگین و زیرەکی دەویَ.
دەلال صلیوە لە کۆمیَنت نووسیویەتی: بەبیرم دیَ کاتی نەبوونییەکەی کە نانمان دەکرد، هەویرەکە بەهیَز نەبوو، باش نانی لیَنەدەهات، دایکم دەیگوت: دەستی بەبازنی دەویَ، واتا کابانیَکی باشی دەویَ بۆئەوەی نانەکەی لیَدروست بکات.
ریاز عەزیز نووسیویەتی:
دەست و بازن
میر دەخوازن.
مامۆستا عەباس کەمال بندیان لە کۆمیَنت نووسیویەتی: کاتیَ کە منداربووم نەنکم بۆ سووعبەت ئەمنی دەناردە لای داکم دەیگۆت هەڕۆ پیَی بری:
ژنم دەویَ، ژنم دەویَ، دەستی بە بازنم دەویَ.

((هەڵبەتە ئەوەی مامۆستا عەباس کەمال بندیان خستووتییە ڕوو ئەسڵی مەوزوعەکەیە، ئەوەی بەفرین عەزیز و ئەوانی تر خستووتیانە ڕوو، نیوەی لێبڕاوەو و مەدلوولێکی تریشی وەرگرتووە، بۆیە دەشێ پەند و ئیدیۆم گۆڕانکاریان بەسەر دابێ و جگە لە مانای بنچیینەیی مەدلوولی تر وەرگرن. ))(هاوژین).

***

**((گەر بایە، گەر بارانە، بۆ بەفر هەر زیانە))**

واتای ئەو ئیدیۆمە ئەوەیە: واتا بە هەموو جۆرێکی هەر زەرەرتە و قازانج ڕوو لە توو نییە.

***

**((ئەوەی تۆ لە قوڕ دەیبینی، ئەو لە ئاوێنە نایبینێ))**

ئەوە مەبەستی بەراورد کردنی دوو کەسە، کە یەکێکیان بە دانا و دوورناس دادەنرێت و ئەوەی تر بە نەزان و تێنەگەیشتوو کە لێکدانەوەی بۆ شتەکانی ژیان نییە.

***

# ((مەتەڵ و چەند شتێکی تر))

**((چـوار بـرا لەسـەر گردەکـی، تیـران دەهاونـە گۆمەکی.))**

مەبەست لەوە گوانی مانگایە، کە چوار براکە، چـوار گوانەکەیـە، تیرهاوشـتنەکەش ئـەوە ئـەو شیرەیە کە بە فیچقە دەردەپەڕێ، گۆمەکـەش ئـەو ستڵەیە کە شیرەکەی دەڕژێتە ناوی.

***

**((دوو پەرژین و کەلایەک.))**

ئـەو مەتەڵـە ئەوەیـە: کەلایەکـە چـاووە، دوو پەرژینەکـەش برژانگـە، پێشـدان پـەرژینیان بـە چـرووی لـۆ باخچـەی دەکـرد، یـان تامانیـان لـۆ جارداغی توونن دەکرد بە چرووی.

ئاهورا کوردستانی دەڵێ: بەمشێوەیەش دەگوترێ:

**((ئەولا پەرژین، ئەلا پەرژین**

**تێیدایە گوڵی چین چین.))**

***

**((تەبەقۆرەی قەد تەلانی.))**

ئەوە کێیە(کویێ)، تەبەقۆرە: کە لە دار درووست دەکراو کەلە شەکریان لەسەر دەشکاند وەک قاپ وابوو.

***

**((قەڵای سپی دەمانچە لەسەر.))**

وەڵام: قاپێک پراو برنج، ڕانە میرشکێکی لە سەربی.

***

**((ئەلێرەوە هەتا عەزە، هەمووی سەلک تۆبز گەزە.))**

ئەوە شەکرۆکە(شەکەرۆکە)یە، ئەوە بیشکێنی شتێکی شیرینی تێدایە، دەخوریێ. ئەو دڕکە کە وەک بەچکە ژوژک وایە، لە دەشت زۆرە سەرکی وەک سەرەکوتک و تۆبزە،تۆبز واتا کوتک، گەزیش دارێکە دڕکی زۆرە.

***

**((نەپێی هەیە نەپانی، بۆخۆی دەچتە سەر بانی))**
وەڵام: مانای مەتەڵەکە دووکەڵە، کە پێی نییە و بەرز دەبێتەوە.

***

**((سەری بەردە و بەرد نییە، گیاخۆرە و کەر نییە، هێلکە کەرە و مریشک نییە.))**
وەڵام: کیسەڵە.

***

**((ئەستەق مەستەق دوندوک لەقلەق ئەلایم سەدەق))**
کاتێ منداڵ کەتنەکی دەکرد، دەیان وت ئەتوو وات کردییە، ئینجا ئەوەیان دەوت، وەک ئەلول مەلوول تەکامێ بوو. بەشەش وشە دەگوترا، کامە کەس سەدەقی بەبەرکەوتایە کەتنەکە بەسەر وی دەهات.

یان یارییەکیان دەکرد، وەک مەتەڵ بوو وەسفی باڵدەیەکیان دەکرد، دەبوایە بە وەسفەکەی بزانی، بۆ نموونە داوێکیان بەدەستەوە دەگرت، یان لیچکە لچکێکی دەگرت یەک دوو قولانجی

پیشـــان دەدا، دەیـــوت قاچەکـــەی ئەمەندەیـــە، هەمووی دەبوایە برێن: بەجانێ من.
قـــاچی تریش.هـــەمووی دەیـــاوت: بـــەجانێ مـــن. دندوکەکەی ئەمەندەیە.
بەجانێ من. سەرەکەی ئەمەندەیە. بەجانێ من.
ئەگەر کەسێک بیزانیبایە چ بوو دیبردەوە. ئەگەر کـەس نـەیزانیبا، دەبوایـە، بەفیتـە لێـدان نـاوی پەلەوەرەکـــە بڵێـــی ئینجـــا دەبوایـــە کەســـێک بیزانیبایە. جاری وا هەبوو کـە دەیـوت قاچەکـەی ئەمەندەیە لە داوەکەوە قاچێکی درێژ پیشـان دەدرا یەکسەر دەیانزانی حاجی لەقلەقە.

***

***نانی جەترەقە:**

لــە جــۆی دروســت دەکــرا، لەســەر ســێرێ بــاش دەیانبرژاند و ڕەق دەبوو و جوان لێی نــەدەهات و گەورە نەدەبوو پێیان دەگوت جەترەقە.

***

*** نانی مزاش:**

ئــەو نانــەبوو، کــاتێ کــە گەنمەکــەیان لێــدەکرد و دەبووە ئارد، ئــەو گەنمــە بەتــەنها گــەنم نــەبوو، بەشی زۆری گەنم بوو، بەس جۆشی لەگەر بــوو، زۆرجار پۆرکە و زیــوان و تــۆی خالتــەرە و تــۆی زۆر دانــــەوێرەی تریشــــی تێــــدابوو، نــــانێکی زۆر خــۆش و بەلــەزەت بــوو. ئینجــا کابــان چەنگــەک ڕەشــکە و پتــە شــمریەک و هەنــدێ جــار هەنــدەک کونجیشــی تێــدەکرد و دەیــانکردە نــان، هــەرقابیل بوو بیخۆی.

***

# ((شیعری فۆلکلۆر))

**(پارە زۆر)**

**پارە زۆر لۆم وەرە پێش**
**کیژی خۆم دەکەم پێشکێش**
**من مردی دراوی زۆرم**
**پیشەی خۆمەو نایگۆڕم.**

**ئـەوەی پـارەی هـەبی دونیـا بـە کـەیفی وییـە، خزمایـــەتی کـــەم بـــووە، بۆیـــە دونیـــا وا کۆربوویتەوە.**

***

**(براتی زوورتە)**

**براتی زوورتە بجانە و**
**چاکەت سموقتە ڕووشانەو**
**میرت عەجەم قوڕبانەو**

**واتا: ((گچەکەم هەربەخۆی بێ، چاکـەتی سووری بەشـــانەوە، میـــری عەجـــەم بـــە قوربـــانی بێ))(هاوژین).**

***

(حەفت ژنانت لۆبینم)
نەمرم دەنا ببینم
حەفت ژنانت لۆبینم
یەکی کوتی تەماشا
یەکی عەسکەری پاشا
یەکی زەردی بەرکولیٚ
یەکی سووری نانتەپیٚ
یەکی ئەسمەری جوان
یەکیٚ سلە و سەرگینان
یەک مەرحەمیٚ بریان.
***

(لەبۆت دەریٚم)
بەتۆدەریٚم ئەی عارەب سوار
عەترت پیٚیە لۆ زوولفی یار
یار بەخیٚربیٚ بەلەجە و لار.
***

**(گفت و گۆی مەڕ و بزن)**

**مەڕ دەڵێ:**

**ترم لە قانوونێ**

**بەزم لەدەر قوونێ.**

**ئیجا ڕوو دەکاتە بزن و دەڵێ:**

**هێزێ مێزێ**

**ڕەقت دەکەم لە هەوێزێ**

**بزن دەڵێ:**

**ترم لە ئەشواتێ**

**ئادارم لێهاتێ**

**مەڕ وەڵامی دەداتەوە:**

**هێزێ مێزێ**

**ڕەقت دەکەم لە هەوێزێ.**

*******

**داکە سۆرێ سەیلانی**

**بە کەس نەدەی کلدانی**

**خارە هاوژین بزانی**

**ڕووحان دەبڕی لە گیانی.**

*******

**(بەمنداڵدا هەڵگوتن)**

**نایدەمە کاکە بەبە**
**پارەی زۆرە و زوو دەیبا**
**نایدەمە عەباسیان**
**دایانێن لەسەر کورسیان.**

***

**نینیو نینیو نینەکە**
**دەعوای مارە خاران کە**
**ژنێ بینە و دەرمکە**
**پراوێ لێنێ و بانگمکە.**

***

**(کچی گەڕەکێ)**

**بەقوربانت بم کچی کەڕەکێ**
**لە تەقەی قۆندرە و لە غرمەی چەکێ،**
**خوایە نەمری کچەکەی ئەو مارە**
**زێدە لە کچان گەلەک نازدارە.**

***

پێشــــدان منــــدار لەبــــەر ئـــــاگردانێ دادەنیشـــت دەیانگۆت:

کێی قوت کردیە وەکو مشکە،

جێی نووکان نایێ لەبەر ئەسپێ و ڕشکە.

واتــا: مندارەکـە قوراغـە و هەسـتی ڕاگرتـووە، لــە هەمان کات جێی نینۆکی نییە بیخاتە پرچییــەوە و بیخورێنێ، لەبەر ئەوەی ئەوەندە ئەسپێ و ڕشک بە تەپلی سەری نووساون.

***

(قوڕبانەو)

قوڕبانەو قوڕبەنیتە و

وەردێ سمۆقێ سەبیتە و

میوانە و مەمصەنیتە و.

وەرگێرانەکەی: ((بەقوربانی بم، بالیفەکەی گوڵی سوورە، میوانەکەی شیرپێدەریتی.))(هاوژین)

***

کە مندارم لەلانکێ دەنا دەموت:

ڕەشی ڕەشادێ

دەسکێ قوڕادێ

میوانی دادێ.

***

کچم لە کچان زێترە

پێشکێش ماینێ حوشترە

خارە دراوان وەرگرە

مامە چەکان هەرگرە.

***

(زوورتت قنێ)

زورتت قنێ

لاتی بەترەخ چ خنێ

حول تەمی شەوە شنێ.

واتا: ((بچکۆڵەی ناوکە گوێز، هیچی تر با نەیێنە داوات، تا حەوت ساڵی تر تەواودەبن.))(هاوژین)

***

**(یاری)**

**حوحانێ داکەوە**
**جاجمی دەفرۆشەوە**
**خە بسکت حەلەبییە**
**خەتکت شۆخت گەوریا**
**گەوریا گۆڕە ڕابا**
**ناترێ مەر خۆشابا**
**حوحانێ داکەوە.**

**((تەنها حوحانێ داکەوە کوردییە، لەگەڵ: جاجمی دەفرۆشەوە، ئەوەی تر سریانییە، باسی گەوری ناوێک دەکات و داوا دەکرێ یەکشەمەی پیرۆز بیپارێزێ.))(هاوژین)**

***

**قوربانت بم پەمۆدانە،**
**ئیجادی کرد جەمەدانە،**
**لەبۆ سەری کوڕم گەلەک جوانە.**

***

خەبشتۆکت سلەیمانی
گەندرِهالەخ گو خانی
کبەنوالەخ قە جانی
ئات زوورتە و براتت جانی.

واتـا: ((سـێوەکەی سلێمانی، لـە ئـامێزی خۆمـت دەگـرم، بۆخـۆمم دەوێـی، تـۆی کچکۆکـە و کچـی خۆم.))(هاوژین).

***

حولحولی بلبلی
براتە ولی قە کەتیێ
براتە شقلی من مەتیێ.

واتا:((حولحولی و بلبلی، کچم دا کەترینە و کچم لە مەتیێ وەرگرت.))(هاوژین).

***

لەبەرت مرم لەبەریێ
ئاویێ دێنم بە کەریێ
لۆ دایە قەلەندەریێ.

***

**(گروەشان)**

**نۆ نووردی نۆنان نۆنان**
**نۆ ڕووب قەزوان**
**داکت بمری گروەشان**
**نانی نەخوارد بردیشیان**
**لۆ لای ماری خاڵیشیان.**

***

**(جوابێکی بەرنە)**

**جوابێکی بەرنە سەریێ سەفینی**
**هەتا حەفت ساران هیچ گیای نەهینی**
**خەزێم بزربووە و کەس نییە بیبینی.**
**جوابەکی بەرنە میری خۆشناوان**
**با چیدی نەکرێ مێوژ و دۆشاوان**
**خەزێم بزر بوو لە مارێ باوان.**

***

**(تۆزیێ مێگەلێ)**

تۆزیێ مێگەلم بوون بە گوریسە
لە بەریان دەرکرد نێریێ کۆریسە
شینەی دەگێڕی خاتوو بەجیسە
تۆزیێ مێگەلیێم بوون بە گەوارە
لە مەڕیان دەرکرد نێریە ڕەشتارە
شینەی دەگێڕی خاتوو خەزارە...

بەفرین عەزیز دەڵێ: لەساڵی ١٩٦٣ کاتی هاتنی حەرەس قەومی و تاڵان کردنی مەڕ و مارات، لە هەرمۆتە شینیان بەم شیعرە دەگێڕا، یا ئشیل دەگریا و دەیوت: مێگەلی حەفت بەرانم ڕۆ.

دلاوەر کوردی لە کۆمێنت نووسیویەتی: هەربمێنێ ئەو دایکە فۆلکلۆرپەروەرەمان.

دکتۆر لە پێشدا بزن و نێری هەمووی ناوی خۆی هەبووە " بەلە مۆر، بەلە سۆر، گێ گۆردیکار، گێ بەل، بزنە قەش، نێری ڕەشتارە، نێری کۆریس (ئەو نێرییەی قۆچی نییە) تاد...

***

**(لەبەربایێ بەنێ)**

**بریا لەبەر بایێ بەنێ بام**
**لەبەر تۆزیێ شەنێ بام**
**لەبەر بێریێ مەڕێ بام**
**لەبەر لانکێ کوڕێ بام.**

**ئەوە جاران خواستی ژن ئەوەبوو، لەبەربایە بەنێ بێت، چونکە فێنکە. لەبەر تۆزێ شەنەبێت لۆئەوەی دەغڵ و دان شەنەبا بکرێ و کاوکۆت و دانەوێڵەی هەبێ.**
**لە بەر بێریێ مەڕێ بام، واتا: مەڕداربی و مەڕبدۆشیت و شیر و پەنیر و ماستی هەبی و کەی موحتاج بوو مەڕەکی بفرۆشی و پارەی دەست دەکەوێ. لەبەر لانکێ کوڕێ بام: ئەوەش زۆر ژن هەنە حەزیان زیاتر لەوەیە کوڕیان ببی، بەرام ژنی ئێستا زۆربەیان وانین، حەزیان لە زێڕ و زەبەندە، حەزیان لە ئیسراحەت و گەڕان و سوڕانە.**

***

وەک گیای لەوان نساران دەستم لەخۆ بەردایە
وەک پوشی لە پەنکەکان تەڕایم لێبڕایە.
ئـەوە لـۆ تـەمـەنی منـە، کـە پـرچم سـپی بـووە و پیربوویم و نەخۆشم و دەستم لە خۆم بەردایە.

***

پەڕەسێلکە دەڵێ:
ئاوێ دێنم لە مەدینێ
قوڕێ دێنم لە قوڕە شینێ
کایێ دێنم لە کادینێ
ئەوەی هێلانەم لێتێکدەدا
خێر لە داک و بابی خۆی نەبینێ.
ئــەوە کــە منــدار بــووین ئــەوەیان پێــدەگۆتین، لۆئــەوەی هێلانــەی پەڕەســێلکە تێکنــەدەیــن، دەیــانگۆت پەڕەســێلکە گوناحــە، زۆرجــاریش بــەهاران کــە پەڕەســێلکەمان دەبینــی هــەموو منــدارەکان تێکــڕا وەک گــۆرانی دەمــان گــوت و پێدەکەین و بەزممان دەکرد.
ئـەو کـات وابـوو کـەس باڵنـدەی نـە دەکوشـت لەنزیک کارێزی هەرمۆتە حاجی لەقلـەق هێلانـەی

لەسەر دار بییەک کردبوو، دەهاتە سەرکارێزان لەبەرچاومان ورتکە ماسی دەگرت و دەیدا بە بێچووەکانی. لەوسارانەی دوایی هێلانەیان لێتێکدا ئیتر نەهاتەوە.

حەسیبە کۆیی نووسیویەتی: جاران کەسێک کە تووشی کارەساتێک بهاتبایە، دەیگۆت: خوایە خۆ هێلانەی پەڕەسێلکەم تێکنەدایە، تووشی ئەو کارەساتە بووم.

ڕەزا شوان نووسیویەتی، لە ناوچەی شوان هەمان شت هەیە، بەڵام کەمێک جیاوازە و بەمشێوەیەیە:

قوڕ دێنم لە قوڕە شینە
ئاو دێنم لە مەدینە
ئەوەی هێلانەم بڕووخێنێت
خێر لە خۆی نەبینێت.

***

**(گورگ دەڕێ)**

**مارە بابم مەڕە**
**دەخۆم دوونگی تەڕە**
**خۆی ناکات لە لەوەڕە.**
**مارە بابم کەرە**
**گێی دەکا چەپەرە**
**دەڕێ مام گورگ وەرە.**
**نەعلەت لە بابی بزنی**
**هەر کە گوێی دەگەزی**
**شوان و گۆچان بەسەرت دادەبەزی.**

**وریا ئەحمەدی میوزیک سیان لە کۆمێنت نووسیویەتی، لە دایکی کۆچ کردووم بەمشێوەیەم بیستووە:**

**ماڵی بابم مەڕ ـ دەخۆم دوونگی تەڕ**
**خۆی ناکات لە لەوەڕ.**
**نەعلەت لە بابت بزن ـ داوە موەکی بگەزن**
**سەگ و شوان پێکەوە دەبەزن.**

***

مەمک بووە هەنار
دۆشاو دێتە خوار

ئەوە بەو کچانە دەرێـن، کـە تـازە پێڕادەگـەن و هــەرزەکارن، واتــا مــەمکیان کردووە،کەواتــە عادەشیان دێت. بـەفرین عـەزیز ئەمـەی تـەنها بـە قسە بۆ وتووم بە ڤیدیۆ تۆمار نەکراوە.

***

## ((فەرهەنگۆک))

**حنجەت:** هنجەت، هەنجەت، بەهانە، پەلْپ، گرو.

**هەمبانە:** هەنبانە، لە پێستەی ئاژەڵ دروست دەکرێ، بەتایبەتی پێستەی مەڕو و بزن و گا، لە کۆندا زەخیرەیان تێدەکرد.

**وەڵداش:** وەلاش، هاوڕێ، برادەر.

**قەرتار: قەرتاڵ:** ئەو سەبەتە(تریان)ە گەورەیەی کە لە شووڕکە بی و درەختی تر دروست دەکرێ و ترێ و میوەی تێدەکرێ.

**وەرد:** ((لە جارێ پتر کێلان، کێڵدراو، شوکرا، ژێر و ڕووکردنی خۆیانی بەرپێی گاگێڕە، بریتییە لە دووپاتکردنەوە))(هە.بۆرینە)

((زەوی دووجار کێڵدراو، هەڵتەکاندنی کۆلۆشی ژێرپێی گاگێڕە))(فەرهەنگی خاڵ)

((لەگەڵ،دووەم کێڵدراو عاردی چاندن))(ف. شێخانی)

((گل سرخ))(فەرهەنگا کۆما کوردییا کورمانجی)

**شۆ:** ((دەقی پارچە کووتاڵ، دەق، کێلانی زەوی، زەوی کێڵدراو، شتن، تەڕایی، نم، شە، تەڕەشوع، چوون، ڕۆیشتن، ئاموشۆ، شۆپ، شوێن، ئەندازە و ژمارە، لە شۆ دەرچوو))(هەنبانەبۆرینە)

((شتێکی لینجە وەک کەتیرە دەدرێ لە هەندێ تەنراو بۆ دەقبەستن، شێف، شتی نمدار))(ف. خاڵ)

((شۆم، شۆو، شوویم، شۆڤ، شوخم، شوڤ، پەرێز یان بەیار یا بورەی کێڵدراوی لە وەزی زستاندا، بڕۆ، بڕوا، مێرد، شوو))(فەرهەنگی شێخانی)

**سندان:** نەخۆشییەکە لە لە خەیار و تەرۆزی و شوتی ...دەدات، وەک گرێی ژەنگ وایە. مانای تریشی هەیە، ئەو دەزگا ئاسنە پتەوەیە ئاسنگەر شتی لەسەر پاندەکاتەوە.

**لۆق:** لە ئەژنۆوە بەرەو خوارەوە دەگرێتەوە، لە لاقەوە هاتووە، وەک دەڵێن: لۆق درێژ، واتا کەسێکی باڵەبەرز کە هەنگاوی خێرا و گەورە دەنێ.

**تەوش:** ((تراو، شل، دژی خەست، هیچ و پووچ، پەشم، بێ نرخ، ناجۆر، نارێک.))(هەنبانەبۆرینە)

**دیزە:** لە قوڕ دروست دەکرێ دواتر سووردەکرێتەوە، لە زمانی فارسی دا بە هەمان فۆڕم دیزە، واتا: دیزە - ڕەش(فەرهەنگی کاوە، عەبدوڵڵا ئیبراهیمی:٨٠١) ((بەشتێک دەڵێن کە لە هەموو لایەکی خڕبێت و لەسەر هیچ ڕوویەکی دانەنرێت))(کیو، ل٤٧٢)

**دەرخۆنە**: ((سەرپۆشێکی کڵێنی دەسکدارە، دەکرێتە سەر دەمی مەنجەڵ لە سەر ئاگر.))(فەرهەنگی خاڵ)

**دۆتیێ**: دۆت: کچ، کیژ.

**ورات**: وڵات، ناوچەیەکی بەرفراوان، وەک دەوترێ وراتی کۆیە.

**چەتیم**: چەتیمۆک، کچەتیو،کچەتیم،چەتیو، واتا لە کچە هەتیو هاتووە، ((کچێ دایکی نەبێ، یان باوکی نەمابێ، وەک سەرکۆنەکردن بە کچێک دەوترێ، واتا بێ ساحێب.))(فەرهەنگی شێخانی)

**سەرقۆت**: ((سەرڕووت، سەرخواس))(هەنبانە بۆرینە)

**پراو**: پڵاو، پڵاو برنج، پڵاو ساوار.

**سوار**: ((بارەبەرێ کە بۆ سواری دەست دەدات))(هەنبانە بۆرینە)

**پیادە**: ((کەسێک کە بەپێ بڕوا))(فەرهەنگی خاڵ)

(پەیا:کەسێک کە بەپێ یان سەفەر دەکا، بەرانبەر سوارە))(هەنبانە بۆرینە)

((پەیا،پەیار،دژی سوارە، هێزێکی سەربازییە کە سەر بە دەوڵەتە، جۆرێکە لە تفەنگی کۆن))(ف. شێخانی)

**پەرە**: ((بەیارێکە لەنێوان دوو خەتە جوتدا بەرگاسن ناکەوێت، بە هەڵنەقەندراوی بمێنێتەوە))(ف. شێخانی)
ماک: دەڵێن ماکەکەی نەفەوتایە، بەواتای بنەچەش دێت، وەک دەڵێن: ماکی پیسە، واتا بنەچەو ئەسڵ و فەسڵی. بۆ لایەنی نێگەتیفییەکەی بەکار دێ.
**تیز**: ((گاڵتەپێکردن و تەوس تێگرتن))(هەنبانەبۆرینە) ((گاڵتە، گەمە، یاری، حەنەک))(فەرهەنگا کانی) ((تیتاڵ))(فەرهەنگی خاڵ)
**گۆنگەرە**: گۆنگەر، ((گۆبەند))(ف. خاڵ) ((گۆنگل، زەنازەنا))(هەنبانەبۆرینە)
**چەقچاقە**: بە زمانی سریانی واییێدەڵێن، مەبەست لە دەنگە دەنگەکەیەتی، لە کوردیش دەوترێ: دە بەسە چەقە چەق. بە کوردی چەقچەقۆک((چەقەنە، چەقچەق، ئامرازێکە لە ئاشدا))(فەرهەنگی ڕێژگە) کاتێ ئاش وەگەڕ دەخرێ ئەم چەقەنەیە دەجوڵێ و دەنگی دێت، لە کۆیە پێی دەڵێن: شەمووڵەی ئاشی. لە شێوەی کوتکێکی گەورەیە بەشێوەی ستوونی جوڵە دەکا. شێخ ڕەزاش دەڵێ:
لینگت هەڵبڕە بیخەمە ژێرت
وەک چەقەنەی ئاش هەڵپەڕێ کێرت.

**کورچی**: ئەوکەسەی لە کۆندا ئیشی شوشتنی چلک و بەرگ بووە، وەک دەوترێ کورکردن.

**بنەوان**: پێش لێگرتنی ئاوی ڕووبار، بە مەبەستی ئەوەی بە جۆگایەک ببرێ بۆ زەوی دەورووبەری بۆ ئاودێری کردن. ((بناوان))(فەرهەنگی خاڵ)

((بنەوان، بنەوا))(هەنبانەبۆرینە)کەسێک سەرافەتی ماڵ بکات، لە خەرجکردنی پارە و مشوورخواردن.

**خەپلێ**: خەپلە،((خەپلە: گێلۆکەی نازیرەک، کولێرەی ئەستوور، کولێرەی لە هەرزن، کورتەبالای قەڵەو، خەپشە))(هەنبانەبۆرینە)

((خەپلە: جۆرە کولێرەیەکە لە گەنم نەبێ))(ف.خاڵ) ڕەنگە بنەچەی وشەکە لە هەبلە(هبلە)ی عەرەبییەوە هاتبێ، واتا گێل و نەزان.

**قەوی**: بەهێز،((ئەستوور،بەتاقەت،دەستەڵاتدار، ساغ و دروست، خورت، فرە، گەلەک))(هەنبانەبۆرینە)

((قەوی: زۆر)(فەرهەنگی کانی، فەرهەنگی شێخانی)

**بۆرەبۆر(بۆڵەبۆڵ)**: ((پرتەپرت، بۆڵەی زۆر))(هەنبانەبۆرینە)

**جرتی**: ((دانەسەکناوی جڵف))(هەنبانەبۆرینە)

جرت و فرتیش بەکاردێت.

**عەربە(عەڵبە):** ((عەڵبە، عەڕبە: مقدار دویست و پنجاه و شش کیلـو غلـه))(هەنبانەبۆرینـە)واتـا: بەئەنـدازەی دووسەد و پەنجا و شەش کیلۆ دانەوێڵە.

**تەیهوتـەیهو(تایهوتایهو):** لـەکاتی سەرسـوڕومان بەرامبـەر شـتێک، دیاردەیـەک بـەکاردێت، کـە بەرامبەرەکەت بێ ئاگا و ناحاڵی بێت لێی.

**داندۆک:** ((دۆینە))(فەرهەنگی خاڵ)((گـەنم و دۆ کەشـی وشکەوەکراو))(هەنبانەبۆرینە)

((دۆی خەسـت و سـاواری تێکـەڵاوی وشـک کراوەیە))(فەرهەنگی شێخانی).

**دەسرۆکە:** ((پارچەیـەکی ڕەشـی چوارسووچی تـەنکی قەراخ سپییە. دەسەسڕ.))(فەرهەنگی خاڵ)

((دەسماڵی بچووک))(هەنبانەبۆرینە).

**عانە:** ((چوارفلسی عێراقی)) (فەرهەنگی وشەنامە)

((ئانـە: پارەیـەکی کۆنـە، دەیکـردە چـوارفلس))(ف. شێخانی)

((دراوێکی هیدوستانییە))(هەنبانەبۆرینە)

**پەزەوان:** مەڕدار.

**باژێڕ:** شار.

**ڕدێن:** ڕیش.

**بێـــر:** ((دارێکـــە دادەچەقێنـــدرێ یـــەکێک لەســـەری دادەنیشێ و یەکە یەکە سەری ئاژەڵی دۆشەنی دەگرێ بۆ دۆشینی.))(فەرهەنگی خاڵ)
((پێمەڕە، بێڵ، کۆبوونی ئاژەڵ بـۆ دۆشین، جێگـەی دانیشـــتنی حـــەیوانگر بـــۆ دۆشـــین، بـــەردەبێر، بەهرە))(فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە)
((کۆکردنەوەی مەڕ و بـزن بۆدۆشـین. پێمـەڕە،بێرک، خاکەناس،بێل))(فەرهەنگی کانی)
((پـــارو، بـــرف روب))(فەرهـــەنگا کۆمـــا کوردییـــا کورمانجی).
**غولام(خولام):** ((نۆکەر، بەنی))(هەنبانەبۆرینە)
**پانی:** ((پاژنە، پانییە، بەرینی،پەهنی))(هە.بۆرینە)
((پانەپێ))(فەرهەنگا کانی)
**نوشـــتە:**((نووشـــتوو، نووســـراو))(هەنبانە بۆرینـــە)
((چاوبەندی کردنـی شـتی درۆ و دەلەسـە لـە پـەردەی شـتی ڕاسـتدا، وەک کردنـی پارچـە کاغـەزی بـڕاو لـە شـــێوەی دراودا بـــەدار و لـــە پـــێش چـــاوی مەردووم))(فەرهەنگی خاڵ) جادوون:
جادوو،سیحر((تەلەسم،باربەژن،چاپۆل))(شێخانی).
**گۆلک:** مانگا کە زا گۆلکی دەبێ، گۆلکـەنێر و گۆلکـە مـێ هەیـە، دوای شـەش مانـگ دەبێتـە سـەنگۆ، کـە

تەمەنی بووە دووساڵ ئەگەر نێربوو دەبێتە جوانەگا، ئەگــەر مــێ بــوو دوای دووســاڵ دەبێتــە مێنگــوینی بەرکەڵ. کە لە جوانـەگا چـاککرا و زا دەبێتـە مانگـا، ئینجا پیرەمانگا. جوانەگاش کە بووە سێ سـاڵ پێـی دەڵێن: بەرنیر، دواتر دەبێتە گا، دوایش پیرەگا.

**گۆلـە**: ((وشـەی بـانگکرنی گۆلـک، کـەلای کایـەکردن لەبــەرد، گاڵــەو دەنگــی بــەرز، نەخۆشــی گۆلــک، پێشەنگی ئاژەڵ و پاتاڵ))(ف. هەنبانە بۆرینە)

لەبانگکردنی گۆلک چەند جار پاتدەکرێتەوە.

**سارە**: ((بەرەبـەیان، سـووزو، بـەیانی ڕۆژی دوایـە، وشتر))(ف. هەنبانەبۆرینە)

**ڕۆمی**: ((تورکی، خەڵکی وڵاتی توورکـان، خواجانـە، سەکۆی بەردەرگا))(ف. هەنبانە بۆرینە)

**تەتەر**: ((کەسێک بەدەست و برد، نامەی مەردووم ببا بۆخاوەنی))(فەرهەنگی خاڵ)

((شــاتر، پیــاوی بــەپێ، کەســێ نامــە دەبــا و دێنێ))(ف.خاڵ)

((پۆستەچی، زماندرێژ))(فەرهەنگا کانی)

**هوو**: ((وتەیەکی دەروێشانەیە، واتا: خوا، نیشـانەی زرنگی و هووردبینی(هـو لـە موو جیادەکاتـەوە)، بـێ

نــرخ و هــیچ، قــازانج، ســوود، پفكــردن بــۆ گه‌رمكردنه‌وه.))(هه‌نبانه‌بۆرینه)

((به‌مشێوه‌یه، ئاوا، به‌مجۆره))(فه‌رهه‌نگا كانی)

((هوو: وته‌ی ده‌روێشانه، كه مه‌به‌ستیان، (هـو) واتـا خودایــــه، وتــــه‌ی قــــاو به‌ســــه‌را كردنــــه بــــۆ ترساندن))(فه‌رهه‌نگی وشه‌نامه)

**گه‌نده**: ((ڕزی، ڕزیـو، پڵوخـاو، پڵیشـاو، ناتـه‌واو، خراپ))(فه‌رهه‌نگی خاڵ)

**چــــرووك**: ((مـــــه‌ردوومی ڕژدی پیســــكه، شـــتی ناقایم))(فه‌رهه‌نگی خاڵ)

((قه‌ڵپ،بێ نرخ،ڕژد و ده‌س قوچاو))(هه‌نبانه‌بۆرینه)

((گولله له‌ناو تفه‌نگ و ده‌مانچـه لـه كـاتی ته‌قانـدنی نه‌ته‌قیته‌وه، بێنرخ))(فه‌رهه‌نگی شێخانی)

**ڕه‌شــكه‌: ڕه‌شــكه‌ك**: ((ســیاوڵه، ده‌نكێكــی ڕه‌شــی بۆنخۆشــه بــه نانییــه‌وه ده‌كــه‌ن، ده‌فــری كــه‌وچن بۆكاكێشـان، تـۆڕی كاكێشـان، ترێـی ڕه‌ش، جـۆرێ ترێیـــــێ ڕه‌ش، تــــــووتنی بـــــێ گـــــه‌ڵای بـــــێ نرخ))(هه‌نبانه‌بۆرینه)

((ده‌فرێكی كونكونی گێچنه له موو دروست ده‌كرێ و كای پێ ده‌گوێزرێته‌وه))(ف. خاڵ)

((تۆڕی كاكێشان، تۆوی وردی ڕووەكێكە بۆ دەرمان بە كەڵكە))(فەرهەنگی وشەنامە).

**پشك**: بەش، ((پلێك گۆشت))(ف. هەنبانەبۆرینە)

**مشت**: ((شتی پڕ))(فەرهەنگی خاڵ)

((پەنجەی لێكنراو، پڕی هەرد و لاوێچ، لێواولێو، محتاج، كێشە و مجادەلە))(ف.هەنبانە بۆرینە)

((مشتە، لێواولێو، تەژی))(ف. كانی)

((مشت، مستە، مست))(فەرهەنگی وشەنامە)

((پڕ بەو ئامرازەی شتی تێدەكرێ))(ف. شێخانی)

**ڕەشەمێ**: ((مانگی شوباتە، كە بیست و نۆ ڕۆژە))(فەرهەنگی خاڵ)

((ڕەشەمە))(هەنبانەبۆرینە)

**ڕوان**: ڕوو، ڕوومەت.وەك دەڵێن: لە ڕوان نایێ ئەو قسەیە بكەم. بەواتای سەوزبوونیش دێ.

**چار: چاڵ**: ئەو شوێنە قوڵەی كە گەنم و جۆی تێدا عەمبار دەكرێ. چاڵە گەنم، چاڵە بەفر.

**كەندوو**: ئەمە لە ژووری ماڵەوە چێدەكرێ، نیوە دیوارێكی بەرزە، بە دووری مەترێك بۆ دوو مەتر بەتەنیشت دیواری ناوەوەی ژوورێك، بە قوڕ دروست دەكرێ و سەرپۆش، قەپاغێكی بۆدەكەن و دەغڵ و دانی تێدەكرێ، لە خوارەوەشی كونێكی تێدایە، بە

پارچە پەڕۆ دەگیرێ، كاتی پێویستبوو گەنمەكە لەوێ دەردەهێندرێ.

**لات:** پارچە، لە لەتەوە هاتووە، وەک ئەوەی زەوییەكە دابەشی چەند لەتێک بكەیی و تۆ لەتێک یان لایەكی بكێڵی، یان تۆی بدەی. پارچە زەوی كە ئامادەبكرێ بۆ چاندن. ((قەلاش، نەبوون، ڕووت، كنت، ڕێگای عاسێ، سنووری دیاریكردنی تۆكردنە، لاتەكانیش جیاوازی هەیە، لاتی كەر لە لاتی ئێستر بچوكترە))(ف. شێخانی)

((كێری، بێستان، خۆڕی، لات))(ف. كانی)

((نەدار و فەقیر، حاڵ پەرێشان، بەردی پان و لووس، تات، لەكن تۆ، زەوی خەتدراو بۆ كێلان، شاخ، بەردی گەورە لەچیادا، شەڕفرۆشی))(ف. هەنبانەبۆرینە)

((هەژاری بێنەوا، گیانداری لاواز، بانەیەكە لە زەوی جوتیار دەیكێشێ بۆ ئەوەی تۆوی پێوەبكا و بیكێڵێ، لووتێكە لە شاخ كە دەربچێ و سەرەكەی تەخت بی))(فەرهەنگی خاڵ)

**پاشۆل:** خۆی كردنەوەی لیچكی كراسە بۆ شت تێكردن، دواتر بەمانای بەرهەڵبێن بەكارهاتووە.وەک دەڵێن: پاشۆلت بكەوە با هەندەک تەرۆزیت دەمێ.

بەرامپیل: ئەویش بەرهەڵبێنە، پارچە قوماشێکی خامی دوو مەتر چوارگۆشەیە دوو لیچکی پێکەوە دەبەسترێ و لە مل دەکرێ و دوو لیچکەکەی تری بەدەست دەگیرێ و شتی تێدەکرێ، زۆرجاریش هەرچوار لیچکەکە پێکەوە گرێ دەردرێن و لەمل دەکرێ لە کەلێنێکەوە ئەو بامییە و کودو و باینجان...دەڕندرێ و تێی دەکرێ، هەندێ جاریش تەنها دوو لیچکی پێکەوە دەبەسترێن و لە مل دەکرێ، ئەمەش بۆ ئیشکردن زۆرباشە نایێڵێ پۆشاکەکە پیس بێت. ((بەرهەڵبێنە، چارەکەیەکە ژنان لەکاتی فەرماندا لە پشتێن بەرەوخوارەوە، دەیگرن بەبەریانەوە))(فەرهەنگی خاڵ)

**مازی**: مازوو

**گول**: ((کەسێک کە تووشی نەخۆشی گولی بووبێ، گیاندارێکە کە جەستەی بچووک بێ، شتی تام ناخۆش، ناشیرین،گوڵ))(فەرهەنگی خاڵ)

((خونچەی پشکفتوو، گوڵ، چیچەک، نەخۆشی پیسی خۆرەوێ کەوتوو، پووتەکەو بێ نموود، تام ناخۆش، گەڵای وەسەریەک نراو بۆ لەوەڕی زستانەی ئاژەڵ، دێو،گەڵ))(ف. هەنبانەبۆرینە)

((گڕو، گەڕ، دووزام، گرۆبوون))(فەرهەنگی شێخانی)

**زەقنـــەبووت:** ((زەقنـــە، وشـــەیەکی جوێناوییـــە وەک ژەهری مار))(هەنبانەبۆرینە)
((زەقنەمووت))(ف. خاڵ)

**فیت:** پڕ و بێ کێشە، ((هـۆی سووچ و گونـاح ـ ئـەوە هـەمووی فیتـی تۆیـە، پیـت و بەرەکەت))(فەرهـەنگی خاڵ)((پیت، بەرەکەت، سووچ، تـاوان، دەنـگ لـەناو دولێو، فیتوو، فت لە سەبیلە))(ف. هەنبانەبۆرینە)
((فیتۆ، فیتکە، فیتک، تەواو، بێ کـەم و کـوڕی))(ف. کانی)
((هان، گال، زۆرتەواو))(فەرهەنگی شێخانی)

**قڕان:** دوابڕان: لەناوچوونی بە کۆمەڵ.

**دونگ:** دووگ

**نینی:** ((داپیرە، نەنک، تازەتـازە، زۆرتـازە، وشـەی مریشک داکردنە، نینە))(هەنبانەبۆرینە).

**غرمـــە:** دەنگـــی تەقـــە کـــردن کـــە بەشـــێوەی ســـەلیە بێـــت.((دەنگی ڕووخـــانی هەرشـــتێک، دەنگـــی پێـــی ڕۆیشتنی مەڕووبزن کە بەیەکەوەبن))(فە. شێخانی)

**قوت:** ((زۆب، لەسەرهەست، بـڕان، کوت، خـەلاس، لێدان))(ف. هەنبانەبۆرینە)

**قوڕادە:** گیاییێکە بـەهاران دەڕوێ، وەک کـەوەر وایـە، لـەتام و شێوە، بـەس بنجـی گـەورەترە و قـاتۆرەی

ئەستوورترە، وەک سەوزە دەخورێ، لە باتی تەڕەپیاز بۆ کەلانەش بەکاردێ.

**حولحولی:** ((مەردوومی ڕاڕا))(فە.خاڵ)((وازوازی، هەردەم لەسەر خەیاڵێک))(ف. هەنبانەبۆرینە)

**قەلەندەر:** ((فەقیر، بەلەنگاز، عەبداڵ، دەروێش، بەستەزمان و بێ زمان))(ف. هەنبانە بۆرینە)

((هەژار، بەستەزمان، بێ دەرەتان))(ف. کانی)

((ڕووت و قوت، بێکەس، خاکی،بەسیت، ڕوح سووک، هەژار، ناوی چیاییێکە))(فەرهەنگی شێخانی)

قەلەندەرخانە: بەواتای فەقیرخانە هاتووە.

**نووردی: نووشتەنان:** نانی تیرییە کە دروست دەکرێ هەر بە گەرمی قەد دەکرێ.

**ڕووب:ڕب:**((خەستەوەکراوی ئاوی میوەیە))(ف. هەنبانە بۆرینە)

**کۆریس:** ((سپیانی گوێی کورت وەک تەبەش کوریس، سەرڕەش کۆریس))(ف.شێخانی)

سپیان، واتا: مەڕ. ڕەشان، واتا: بزن.

**بەن، بەنێ:** ((بەزمی گۆرانی، درز، بەن))(ف. وشەنامە)

((خوری ڕێسراو))(ف. شێخانی)

((بەیت، دارقەزوان، ببەن))(فەرهەنگا کانی)

((هەودای لە خوری و موو، بەند، هەرچی شتی پێدەبەستن، گزی و فیڵ، دار قەزوان، دەوروبەری ئاوایی، گیابەند: گیایەکی کوێستانییە، وێستاو، مانەوە)) (ف.هەنبانە بۆرینە)

((ڕێسراوی خوری، داری قەزوان، دەوروپشتی دێ))(ف. فەرهەنگی خاڵ)

**چەپەر: چەپەرە:** قیت، قولاغ((دەرگایەک بە تەیمان چنرابێ، پۆستەچی، سوپەر))(فەرهەنگی خاڵ)

((دەرگا و دیواری لە شووڵ، تامان، پیاوی نامەبەر،تەتەر، سەنگەر، خەڵ، سپێر))(ف. هەنبانەبۆرینە)

((پۆستەچی، تەتەر: ئەوکەسەیە کە نامە لە شوێنێک ئەبا بۆ شوێنێکی تر و ئەیگەیێنێتە خاوەنی نامەی بۆ نووسراو، مزی ماندووبوون وەردەگرێ.))(ف. شێخانی).

# ( (ژیاننامەی بەفرین عەزیز)) [١]



بەفرین عەزیز پەترۆس کۆرەدیان، لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی هەرمۆتەی سەر بە شاری کۆیە لە دایکبووە، تا دووی ناوەندی خوێندووە، بەقەولی ئێستا تا پۆلی هەشتی بنەڕەتی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٧٢مێردی بە (**صلیوە** عیسا کەریم)کردووە، دوو کوڕ و پێنج کچی لێی بووە، ئەمانەن، کوڕەکان: سەفین، هاوژین. کچەکان: هێرۆ، دەلال، هەوار، بنار، سالینا.

١ ـ ئەم وێنەیەی بەفرین عەزیز لە ٢٠١٨/٥/٢١ لەلایەن (قادر بەشدار)گیراوە.

عـەزیز پەترۆســی کۆرەدیـان جوتیـار و مـەڕدار بـووە، هاوینان ڕەشماڵیان لە دەشتەکانی دەور و پشـتی هەرمۆتـە هەڵداوەتـــەوە، دایکـــی بـــەفرین عـــەزیز نـــاوی (وەردێ کـەریم)بووە، شـارەزاییەکی باشـی لـە حیکایـەت و پەنـد و بابەتە فۆلکلۆرییەکان هـەبـووە، بـەفرین عـەزیز زۆر متـووی دایکـی بـووە و زۆربـەی شـتەکانی لـەو وەرگرتـووە و لـەو فێربووە، وەک خۆی دەڵێ: ((باوکم هەندێک حیکایەتی لۆ دەگێڕاینەوە، بەس دایکم زۆرتری دەزانی و زۆر حیکایەت و بابـەتی فۆلکلـۆری لـۆ دەگێڕاینـەوە، لەبـەر ئـەوەی لەگـەر خـەرک تێکـەر بـوو، بەتـەک ڕەشـماڵەکەی ئێمـە چەنـدان ڕەشماڵی تر هەبوون، کاتێکیش زستانان دەهاتینەوە ئاوایی زۆبەی شـەوەکان حیکایـەتیان لـۆ دەگێڕاینـەوە، بەتایبـەتی دایکم، لۆیە زیاتر لە دایکم فێربوویم، جگـە لـە دایکـم مـام زۆرە و مــام تۆمــا هــەبوون حیکایــەتی خۆشــیان لــۆ دەگێڕاینەوە، هـەمووی وەک تەلـەفزیۆن دەورەمـان دەدان و گوێمان دەگـرت، حیکایـەت هـەبوو بـە دوو یـان سێ شـەو تـەواودەبوو)). ئێســتا ٢٠٢٤ بـەفرین عـەزیز لـە هەرمۆتـە دەژیێ.

کتێبە چاپکراوەکانی:

١ـ خوشکە نەسیمۆ، کۆمەڵێ حیکایەتی سریانی لە زاری (بەفرین عەزیز)، ئامادەکردن و وەرگێڕانی: **د. هاوژین صلیوە**، ٢٠١٢.

٢ـ لە زاری دایکمەوە، ئامادەکردنی: **د. هاوژین صلیوە**، ٢٠٢٤.

# ((ژياننامەی د. هاوژین صلیوه))



* د. هــاوژین صــلیوه، لــه دایکبــووی (١/ ٥/ ١٩٧٩)، هەرمۆته ـ کۆیه .

* (٢٠٠٤) بڕوانامــەی بەکالۆریۆســی لــه زمـان و ئـەدەبی کوردی بەدەستهێناوه .

* (٢٠٠٨) بڕوانامــەی ماســتەری لــه ئــەدەبی کــوردی بەدەستهێناوه .

* (٢٠١٢) بڕوانامــەی دکتــۆرای لــه ئــەدەبی کــوردی بەدەستهێناوه .

* (٢٠١٧) پلــەی زانســتی بەرزبۆتــەوه بــۆ پرۆفیســۆری یاریدەدەر.

* زمانی (کوردی) و (عەرەبی)و (فارسی) و (سریانی) دەزانێت.

* (٢٠١٠) خەڵاتی یەکەمی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە فیستیڤاڵی گەلاوێژ بەدەستهێناوە.

* (٢٠١٢) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا لە بارەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی خەڵاتی لاوی ساڵی پێبەخشراوە.

* (٢٠١٦) توێژینەوەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ (فازیل شەورۆ) نووسیوە بەناوی (جگەرە لەجیهانبینیی شیعری شێرکۆبێکەسدا)، لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەشداریان پێکردووە و خەڵاتی یەکەمیان بەدەستهێناوە.

* جێگری بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (زانکۆی کۆیە)بووە.

* ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (هەنگاوی نوێ) بووە.

* یاریدەدەری بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (شارەوان) بووە.

* بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (کەلتووری کورد)بووە.

* ئەنـدامی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری (ڕۆشـنبیری کەلدان)بوو.

* جێگری سەرنووسەری گۆڤاری (کەکۆن)ە.

* مامۆستای ڕەخنەی ئەدەبییە لە زانکۆی کۆیە.

* سـاڵی ٢٠٢٠ـ٢٠٢١بـۆ مـاوەی دووسـاڵ، سـەرۆکی بەشـی زمانی کوردی بووە لە زانکۆی کۆیە.

*لە سالی ٢٠٢٣ پلەی زانستی بووە بە پرۆفیسۆر.

*تا ئێستا ٣٢ کتێبی چاپکردووە.

# From my Mother's Mouth

"Proverbs, Idioms, Riddles and Poetry"

# From my Mother's Mouth

"Proverbs, Idioms, Riddles and Poetry"

Prepared by: Dr. Hawzhin Slewa



Shyaw

سەنتەری لێکۆڵینەوە و بەخشی کۆیە